کێشەکانی خێزانی خاوەن منداڵی توشبوی سالاسیمیا (تۆژینەوەیەکی مەیدانییە)

م.ی.مژدە یاسین محمد[1]، ماستەر/ نیان لقمان عزیز[2]
زانکۆی سلێمانی ،کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی کاری کۆمەڵایەتی[1,2]
mzhda.mohammed@univsul.edu.iq[1],nyanluqman1@gmail.com[2]

نووسەری پەیوەندیکار: م.ی.مژدە یاسین محمد

پوختە
خێزان وەک یەکەم ژینگەی کۆمەڵایەتی لەپێشینەی ڕەخساندی ژینگەیەکی گونجاوە بۆ تاکەکانی، و بەڵام لە کاتی بوونی نەگونجاوییەک یان بارودۆخێکی نائاسایی لە نێو خێزاندا کاریگەریی دەبێت لەسەر تەواوی ئەندامانی خێزان و بەتایبەت دایک و باوک، چونکە بەهۆی ئەو بارودۆخەوە گۆڕانکاری لە ژینگەی خێزانەکەدا ڕوودەدات و ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە، کاتێک خێزان خاوەن منداڵێکی توشبووی سالاسیمیایە ئەرکی قورستر دەبێت و ڕەنگە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە و نەگونجاوی ببێتەوە، بەهۆیەوە ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە خستنەڕووی کێشە(کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری)یەکانی خێزانی خاوەن منداڵی توشبووی سالاسیمیا.
ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی میتۆدەوە توێژینەوەیەکی چۆنێتییە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە دایک و باوکی ئەو منداڵانەی کە توشبووی نەخۆشی سالاسیمیان و تەمەنی منداڵەکانیان لەنێوان (٥-١٣) ساڵیدایە، لە سەنتەری سالاسیمیا و نەخۆشیە بۆماوەیی یەکانی خوێن لە شاری سلێمانی چارەسەر وەردەگرن،نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی مەبەستدار وەرگیراوە و قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (١٢) دایک و باوکی منداڵی توشبووی نەخۆشی سالاسیمیا لە سەنتەری سالاسیمیا و نەخۆشیە بۆماوەیی یەکانی خوێن وەرگیراون، توێژەر بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری ئامرازی چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە.
توێژەر گەیشتووە بەم ئەنجامانە:
١-خێزانەکان بە گشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان باشە و نەخۆشی منداڵەکەیان کاریگەری نەبووە لەسەر هیچ کام لە پەیوەندییەکانیان لە ناو خێزان و لەدەرەوەی خێزانەکانیان و هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ دروست نەکردوون
٢-خێزانەکان لەڕووی دەروونیەوە بەگشتی ڕووبەڕووی ترس، شۆکبوون، دوودڵی،دڵەڕاوکێی مردن،خەم خواردن، گریانی بەردەوام ، ترس لە دووگیانی،ترسی لەدەستدان و خەمۆکی بونەتەوە.
٣-خێزانەکان نەخۆشی منداڵەکەیان کاریگەری هەبووە لەسەر لایەنی ئابورییان و بەشێکیان ڕووبەڕووی کێشە وقەیرانی ئابوری بونەتەوە، لایەنی ئابورییان بەرەو لاوازی ڕۆشتووە.

1 پێشەکی:

خێزان بە یەکەم هەنگاوی ژیانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، هەمیشە هەوڵ دەدات ڕێگا بۆ ئەندامەکانی خۆش بکات بۆ ژیانکردن، دامەزراوەیەکە کار بۆ خۆشگوزەرانی تاکەکانی و دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو و دوور لە گرفت دەکات بۆ ئەندامەکانی، هەوڵی بەردەوامی دایکان و باوکان لە خێزاندا بۆ پارێزگاریکردنە لە ژیانی خێزانی و باشترکردنی ژیانی منداڵەکانیان لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی،دەروونی ، ئابوری ، تەندروستی ...، بەڵام هەندێک هەل و مەرج و بەربەستی سەپێنراو وەک نەخۆشکەوتنی یەکێک لە منداڵەکان، ژیانیان بۆ قورس دەکەن، بەهۆی ئەو فشارانەی کە ئەو نەخۆشییە دروستی دەکات، وایان لێدێت لەهەندێک لە ئەرکەکانیاندا شکست دەهێن نەخۆشی سالاسیمیا یەکێکە لە نەخۆشییە بۆماوەییەکان کە توشی تاک دەبێت، ئەو منداڵانەی کە توشی نەخۆشییەکە دەبن توانای ڕووبەڕووبونەوەی فشار و گونجان لەگەڵ نەخۆشییەکەیان کەمە و سەرەڕای ئەوەش دڵەڕاوکێیان هەیە بۆ سەبارەت بەداهاتوویان، نەخۆشییەکە پێویستی بەچاودێری ورد و گواستنەوەی خوێن هەیە، بەمەش کاریگەری لەسەر هاوسەنگی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوری خێزان دروست دەکات، کاری دایک و باوک قورستر دەکات، چونکە بەردەوام پێویستە ئاگاداری بارودۆخی منداڵە نەخۆشەکەیانبن

بەشی یەکەم/ چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە
باسی یەکەم/ کێشە و گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە
1.1 کێشەی توێژینەوەکە:

سالاسیمیا نەخۆشییەکی بۆماوەیی درێژخایەنە و تووشبوانی نەخۆشییەکە بەردەوام پێویستییان بە گواستنەوەی خوێن و وەرگرتنی چارەسەر هەیە، ڕەنگە چارەسەرەکان هۆکاری بێزاری و بێتاقەتی نەخۆشەکە بن و ببنە هۆی دورە پەرێزی و تێکەڵنەبوونی لەگەڵ کەسانی دەوروبەری و جیاوازبێت لە کەسێکی ئاسایی، هەموو ئەمانەش کاریگەرییان هەیە لەسەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی کەسی توشبوو، هەروەها کاریگەریی دەکەنە سەر خێزانەکان و توشی ئاستەنگی ژیانیان دەکەن، چونکە هەر ئەندامێکی خێزان توشی کێشە ببێت کاریگەری لەسەر سەرجەم ئەندامانی تری خێزانەکە دەبێت، بەهۆی ئەوەی منداڵانی توشبوو پێویستیان بە هاوکاری و یارمەتی خێزانەکانیان هەیە بۆ

پرکردنەوەی پێداویستییەکانیان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووریيەوە، نەخۆشییەکە کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و لایەنی دەروونی خێزانەکان و بەردەوام هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکەن، زۆرجار لەڕووی ئابووریيەوە تێچووی زۆریان هەیە و خێزانیش ئەو توانایەی نیە بۆ پرکردنەوەی ئەو پێداویستیانە، بەوهۆیەوە ڕووبەرووی جۆرەها کێشە دەبنەوە، بەومەبەستە کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئەو کێشانە چین کە خێزانی خاوەن منداڵی تووشبووی سالاسیمیا ڕووبەڕووی دەبنەوە؟

1.2 گرنگی توێژینەوەکە:

لەڕووی تیۆرییەوە: خۆی لە گەیاندنی ئەو بابەتە تیۆرییانە دەبێنێتەوە کە مەبەستمانە توێژینەوەی لەسەر بکەین، بەمانای ئاماژەدان و تیشکخستنەسەر ئەو سەرچاوە و پەرتوک و توێژینەوە زانستییانەی دەربارەی بابەتەکەن، وەک پاڵپشتییەک بۆ توێژینەوەکە و ڕوونکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی و وەڵامدانەوەی هەندێک بواری جیاوازی بابەتەکە، هەروەها تیشک دەخاتەسەر بارودۆخی خێزانەکانی چینێکی گرنگی کۆمەڵگا کە دووچاری نەخۆشییەکی قورسی وەک سالاسیمیابوونەتەوە.

لەڕووی مەیدانییەوە: لەڕێگەی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەوە توێژەر دەگاتە کۆمەڵێک داتا و زانیاری گرنگ دەربارەی توێژینەوەکەی کەدەبنە هۆی دەرخستنی کێشەکانی خێزانی خاوەن منداڵی تووشبووی سالاسیمیا، هەروەها ئاکام و ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ (سەنتەری سالاسیمیا و نەخۆشیە بۆماوەیی یەکانی خوێن، ئەو خێزانانەی کە خاوەنی منداڵی توشبوون، بۆ توشبووانی سالاسیمیا، ئەو توێژەرانەی کەلەگەڵ توشبوان و خێزانەکانیاندا کاردەکەن و بەرکەوتنیان هەیە).

1.3 ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە **(خستنەڕووی کێشەکانی خێزانی خاوەن منداڵی توشبووی سالاسیمیا)**

- -خستنەڕووی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی خاوەن منداڵی توشبووی سالاسیمیا
- -خستنەڕووی کێشە دەروونییەکانی خێزانی خاوەن منداڵی توشبووی سالاسیمیا
- -خستنەڕووی کێشە ئابوورییەکانی خێزانی خاوەن منداڵی توشبووی سالاسیمیا

2 باسی دووەم/ پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە

2.1 کێشە:

بریتییە لە سەختییەک یان ڕێگرییەک یان ڕەفتارێکی خراپ کە ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵک دەیانەوێت لایببەن یان چاکی بکەنەوە، ئەمەش پێویستی بەدۆزینەوەی ئەو ئامرازانە هەیە کە توانای ئەم چارەسەرە یان چاککردنەوەیان هەیە.(غول،٢٠٢١، ٢)

بارودۆخێکە کەتاک تێیدا دەژی و خۆی تێدا دەبینێتەوە، کەناتوانێت بەرپرسیارێتییەک یان چەند ڕۆڵێک لە ژیانیدا جێبەجێ بکات، جۆرێکە لەبێ توانایی تاک کە ناتوانێت بەتواناکانی خۆی ڕووبەڕووی ببێتەوە و پێویستی بەهاوکاری پیشەیی دەبێت.(محمد،٢٠١٣، ٧٤)

2.2 خێزان:

بەیەکەیەکی بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی پێناسە دەکرێت کەلە ژن و مێرد و منداڵەکانیان پێک دێت، بەسیستەمێکی کۆمەڵایەتی یان ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی دانپێدانراو هەژمار دەکرێت.(السید،٢٠١٣، ١٧٢)

فۆرمێکە لە جۆرێکی تایبەت کە لایەنە سەرەکییەکانی لەڕێگەی خوێن یان پەیوەندی هاوسەرگیرییەوە سەربەیەکترن، ئەو پەیوەندییە سروشتیکە کە چاوەڕوانی یەکتر لەنێوان لایەنەکاندا بەدوای خۆیدا دەهێنێت کەلەڕووی ئاینییەوە سەپێنراون، لەڕووی یاساییەوە بەهێزکراون و، و لەهەست و ویژدانی تاکدا سەنتەر کراون.(کەرار،و:ئەبوبکر و ئەوانی تر،٢٠٢٤، ٥٠)

Bungess E.W& Locke Burgess کۆمەڵە کەسێکە کەبەپەیوەندی هاوسەرگیری و خوێن و بەخێوکردن بەیەکەوە گرێدراون، ژیانێکی سەربەخۆیان هەیە، ژیانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکتر هاوبەش دەکەن و ڕونە لە نێوان ئەندامەکانیدا(ژن و مێرد، دایک، باوک،کوڕ و کچ،ڕۆڵی کۆمەڵایەتی تایبەتیان هەیە و خاوەن کولتووریکی هاوبەشی خۆیان بن.(العزبي،بدون سنة، ٢)

پێناسەی ڕێکاری بۆ خێزان: بریتییە لەو خێزانانەی کە خاوەن منداڵی توشبووی سالاسیمیان و تەمەنی منداڵەکانیان لە نێوان (٥-١٣) ساڵیدایە و لە سەنتەری سالاسیمیا و نەخۆشیە بۆماوەیی یەکانی خوێن لە سلێمانی چارەسەر وەردەگرن.

2.3 کێشەی خێزان:

وەک جۆرێک لە نەخۆشی پێناسە دەکرێت کە کاریگەری لەسەر کردەی کۆمەڵایەتی هەیە، لە ئەنجامدا کاریگەری نەرێنی لەسەر تاک وەک ئەندامێکی خێزان و خێزان بەگشتی دروست دەکات، یان حاڵەتێکی ناهاوسەنگی ناوخۆیی و دەرەکییە کە لە ئەنجامی پێویستییەکی تێرنەکراوی تاک وەک ئەندامێکی خێزان یان سەرجەم ئەندامانی خێزان دێتەئاراوە، کەلەئەنجامدا شێوازێک لە ڕەفتار دروست دەبێت کەلەگەڵ ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان ناهاوسەنگە.(رشوان،٢٠١٢، ٨٧)

دەرکەوتنی بەربەستێک کەڕێگری دەکات لە تێرکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان، یان بەدەستهێنانی ئامانجە پێویستەکان، یان بەدەستهێنانی مافە ڕەواکان، بەجۆرێک کەیەکێک لە ئەندامان یان سەرجەمیان هەست بە بێبەشبوون و بێزاری بکەن،بەوجۆرەش ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە و توانای گونجانیان کەمدەبێتەوە.(أبو أسعد،الختاتنة،٢٠١٤، ٤٩)

ارودۆخێکە کە خێزان یان یەکێک لە ئەندامانی خێزان توشی هەندێک گرفت و سەختی دەبن لە ئەنجامی کارلێکی نێوان هۆکارە کەسی و ژینگەییەکان، ئەمەش دەبێتەهۆی تێکچوونی پێکهاتە و ئەرکی خێزان، ڕێگری دەکات لەجێبەجێکردنی ئەرکە سەرەتاییەکانی.(محمد،٢٠٠٩، ٣٣)

پێناسەی ڕێکاری بۆ کێشەی خێزان: بریتییە لە کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوورییەکانی خێزانی خاوەن منداڵی توشبووی سالاسیمیا.

2.4 منداڵ:

قۆناغی سەرەتایی ژیانی مرۆڤە کەبەگەشەی خێرای جەستە تایبەتمەندە، و هەوڵدانە بۆ فێربوون بۆمەبەستی هەستان بە

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12325]
- **Submission Date:** [16/2/2026], **Revised Date:** [19/2/2026], **Accepted Date:** [5/11/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

ئەنجامدانی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی کاتی پێگەشتنیان، ئەمەش لەڕێگەی یاریکردن و فێربوونی فەرمیەوە ئەنجام دەدرێت.(محمد،٢٠٠٩،١٤٤)
قۆناغێکە لە ژیان لە لەدایکبونەوە دەستپێدەکات تا قۆناغی پێگەیشتن و لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر جیاوازە، واتە لەوانەیە قۆناغی منداڵی لەتەمەنی هەرزەکاری یاخود هاوسەرگیری کۆتایی پێبێت.(حمەلاو،٢٠٢٣،١٠)
ئەو ماوەیەی مرۆڤ بە گەشەکردن و پێشکەوتن بەسەری دەبات تا دەگاتە تەمەنی گەورەیی، و پشت بەخۆی دەبەستێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەستەبەرکردنی پێداویستییە جەستەیی و دەروونییەکانی، لەو ماوەیەدا منداڵ پشت بەدایک و باوکی دەبەستێت بۆ دەستەبەرکردنی مانەوە و خۆراک و پاراستنیان.(زاهیة،٢٠١٩،٣٢)
پێناسەی ڕێکاری بۆ منداڵ: ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە تووشبووی سالاسیمیان و تەمەنیان لە نێوان (٥-١٣) ساڵیدایە، و لە سەنتەری سااڵسیمیا و نەخۆشیە بۆماوەیی یەکانی خوێن چارەسەر وەردەگرن.

2.5 سالاسیما:

نەخۆشییەکی بۆماوەییە کەبەهۆی کەموکوڕی لە بەرهەمهێنانی ڕێژەی هیمۆگلۆبینی ئاسایی لەلەشی مرۆڤدا دروست دەبێت، هیمۆگلۆبین بااڵدەستە لە خوێندا لەلەدایکبونەوە تا مردن.(Kenny,2015,10)
تێکچوونی بۆماوەیی کەلە خڕۆکەسورەکانی خوێندا ڕوودەدات، کە تیایدا هیمۆگلۆبین (پێکهاتەی سەرەکی خڕۆکە سورەکانی خوێن و گواستنەوەی ئۆکسجین) کەمترە لەڕێژەی ئاسایی و دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی ئۆکسجینی خوێن.(Ministry of Health, (without the year,14)
جۆرێکی ئاڵۆزە لە تێکچوونی بۆماوەیی جۆراوجۆری هیمۆگلۆبین، کاتێک جەستە جۆرێکی نائاسایی هیمۆگلۆبین دروست دەکات، ئەم تێکچونە دەبێتە هۆی لەناوچوونی زۆرێک لەخڕۆکە سورەکانی خوێن و ئەمەش دەبێتە هۆی کەمخوێنی.(Taher,2017, 12)

3 باسی سێیەم : تویژینەوەکانی پێشوو گفتوگۆکردنیان

3.1-تویژینەوەی (قادر،٢٠١٣): بەناونیشانی (کێشەکانی خێزانی خاوەن منداڵی ئۆتیزم/ تویژینەوەیەکی پراکتیکییە لە شاری سلێمانی)
ئەم تویژینەوەیە لەشاری سلێمانی ئەنجامدراوە، ئامانجی تویژینەوەکە بریتییە لە خستنەڕووی گرنگترین کێشەکانی خێزانی خاوەن منداڵی ئۆتیزم لە لایەنەکانی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابوری)، میتۆدی تویژینەوەکە بریتییە لە میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی و بەراوردکاری و مێژوویی،کۆمەڵگەی ئەم تویژینەوەیە پێکهاتووە لە تەواوی ئەو خێزانانەی کە خاوەن منداڵی ئۆتیزمن لە شاری سلێمانی ژمارەیان (٦٤) خێزانە، نمونەی تویژینەوەکە بریتییە لە تەواوی خێزانانی خاوەن منداڵی ئۆتیزم کە ژمارەیان (٥٠) خێزانە و (١٤) خێزانیان بە هۆکاری جیاواز وەرنەگیراون، ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەم تویژینەوەیەدا بریتییە لە (تێبینی، چاوپێکەوتن، فۆرمی ڕاپرسی)، ئامڕازە ئامارییەکان بریتیین لە ڕێژەی سەدی ، ناوەندەژمێرەیی، یاسای کا ی دووجا.

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم تویژینەوەیە بریتیین لە
خێزانەکانی منداڵانی ئۆتیزم بەدەست چەند کێشەیەکەوە دەناڵێنن(کۆمەڵایەتی ،دەروونی، ئابووری)

3.2 دووەم:- تویژینەوە بیانییەکان

1.-تویژینەوەی (Patel,2022) بە ناونیشانی "Lived Experience of Children with Thalassemia/ A Qualitative research approach)(ئەزموونی ژیانی منداڵانی توشبوو بە سالاسیمیا/میتودی تویژینەوەی چۆنێتی)
تویژینەوەکە لە هندستان ئەنجامدراوە،ئامانجی تویژینەوەکە، لێکۆڵینەوەیە لە ئەزموونی ژیانی منداڵانی توشبووی سالاسیمیا، میتودی تویژینەوەکە چۆنێتییە،نمونەی تویژینەوەکە پێکهاتووە لە (٢٠) منداڵی نەخۆشی سالاسیمیا کە تەمەنیان لە نێوان (١٠-١٧) ساڵیدایە بەشێوەیەکی مەبەستدار ، لە نەخۆشخانەی مەدەنی ئەحمەد ئاباد، سەنتەری سالاسیمیا، کۆمەڵگەی خاچی سوری هیندستان، سەنتەری خوێنی پراتما، دوای مۆڵەتی فەرمی هەڵبژێردران، بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان ئامڕازی چاوپێکەوتن بەشێوەیەکی قوڵی نیمچەڕێکخراو بەکارهاتووە.
ئەنجامەکانی تویژینەوەکە بریتیین لە
1-یەکێک لە ناخۆشترین ئەزموونەکان بۆ منداڵان بریتی بوو لە نائاسودەیی جەستەیی، بەهۆی زۆری گواستنەوەی خوێن، کەمی بەرگری لەش،کەمخوێنی.
2-لەڕووی دەروونیەوە بریتی بوو لە ململانێی سۆزدار توند وەک هەستکردن بە تاوانباری ،دڵتەنگی،نائارامی و بیرکردنەوەی زۆر کە مەترسی لەسەر تەندروستییان هەبووە.
3- هەروەها تویژەر بۆی دەرکەوتووە کە منداڵانی سالاسیمیا توشی بێزاری و ماندوێتی و بارگرانییەکی زۆری چارەسەرکردن دەبن.
2- تویژینەوەی (Karakul and other,2022) بەناونیشانی(The Experiences of Parents of Children with Thalassemia Major in Turkey / A Qualitative Study.(ئەزموونەکانی دایک و باوکی منداڵی توشبوو بە سالاسیمیای مەیجەر لە تورکیا/ تویژینەوەیەکی چۆنێتییە)
ئەم تویژینەوەیە لە تورکیا ئەنجام دراوە، ئامانجی هەڵسەنگاندنی ئەزموونی دایک و باوکی منداڵانی تووشبوو بە سالاسیمیای تووند، میتودی تویژینەوەکە چۆنێتییە، کۆمەڵگەی تویژینەوەکە بریتییە لە لەخۆشخانەیەک لە پارێزگای ئیزمیر لەتورکیا کە لە (٨٤) دایک و باوکی ئەو منداڵانەی لەخۆگرتبوو کە تووشی سالاسیمیا بوبون، نمونەی تویژینەوەکە (١٤) دایک و باوکی لە خۆگرتووە کە پێوەرەکانی وەرگرتنیان بەدیهێناوە بەشێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردراون، بۆمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری چاوپێکەوتنی تاکەکەسی و فۆرمی زانیاری بەکارهێنراوە، بۆ شیکردنەوەی داتاکانی فۆرمی زانیاریی پشت بەبەرنامەی(SPSS) بەستراوە

4 ئەنجامەکانی تویژینەوەکە بریتیین لە :

1-دایکان و باوکان ڕایانگەیاند کە توشی شۆک،دڵتەنگی ، ترس،فشار،،خەمۆکی،دڵاڕاوکێی مردن،ماندوێتی بوون.
2-لەڕووی ئابوورییەوە دەرکەوتووە کە قورساییەکی زۆری لەسەر ژیانی دایکان و باوکان دروست کردوە و باری ئابووریان ڕوو لە لاوازبوونە.

3-نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە ستافی چاودێری تەندروستی پێویستە لە خراپی دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی دایک و باوک و ستراتیژییەکانی ڕووبەڕووبونەوە تێبگەن، بۆ پێشکەشکردنی ڕێنمایی و پشتگیری لەسەرەتای چارەسەرکردن و چاودێریکردنەوە.

گفتوگۆکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

1-لەڕووی ئامانجەوە:- ئامانجی ئەم توێژینەوەیە نزیکە لەگەڵ توێژینەوەی((Karakul and other,2022)، بەڵام جیاوازە لە ئامانجی توێژینەوەکانی (Patel,2022) ، (قادر،٢٠١٣).

2-لەڕووی بەکارهێنانی میتودەوە:- ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چۆنێتییە، میتودی شیکاری بابەت بەکارهاتووە، نزیکە لەگەڵ توێژینەوەکانی (Karakul and other,2022)، (Patel,2022)، بەڵام جیاوازە لە توێژینەوەی (قادر،٢٠١٣).

3-لەڕووی نموونەوەی توێژینەوەوە:- ئەم توێژینەوەیە نزیکە لە نموونەی توێژینەوەی (Karakul and other,2022) (قادر،٢٠١٣)، بەڵام جیاوازە لە نموونەی توێژینەوەی (Patel,2022)، لەڕووی قەبارەی نموونەی توێژینەوەوە توێژینەوەکە نزیکە لە توێژینەوەی (Karakul and other,2022)،(Patel,2022)، بەڵام جیاوازە لە توێژینەوەی (قادر،٢٠١٣).

4-لەڕووی ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریەوە:- لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتن بەکارهاتووە کە هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی (Karakul and other,2022)،(Patel,2022)، بەڵام جیاوازە لە توێژینەوەی (قادر،٢٠١٣).

٥-لەڕووی ئەنجامەوە:- ئەنجامەکانی توێژینەوەکە هاوتایە لەگەڵ ئامانجەکانیدا، و ئەنجامەکانی نزیکە لە توێژینەوەی (Karakul and other,2022)، (قادر،٢٠١٣)، بەڵام جیاوازە لە توێژینەوەی (Patel,2022).

5 بەشی دووەم:-کێشەکانی خێزانی خاوەن منداڵی سالاسیمیا

5.1 باسی یەکەم: ناساندنی سالاسیمیا و جۆرەکانی و نیشانەکانی

5.1.1 ناساندنی سالاسیمیا:

هیمۆگلۆبین پڕۆتینێکی گواستنەوەیە لە پلازمای خوێندا کە گەردیلە یان تەنۆلکەکان پێکەوە دەبەستێتەوە و لە ئەندامێکەوە بۆ ئەندامێکی تر دەیانگوازێتەوە، ئەمە جگە لە گواستنەوەی پێکهاتە مامناوەندەکان لەنێوان ئەندامەکان و شانەکاندا، پڕۆتینێکە لە خڕۆکە سورەکانی خوێندا هەیە و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گواستنەوەی ئۆکسجین لە سییەکانەوە بۆ هەموو ئەندامەکانی جەستە و بەرپرسە لە پێدانی ڕەنگی سووری خوێن، لەهەر بارودۆخێکدا کێشە بۆ پێکهاتە یان بڕەکەی دروست بێت کاریگەری دەکاتە سەر خوێن و سوری خوێنی جەستە و ئەگەری تووشبوون بە سالاسیما دروست دەبێت.(البرقعاوي،٢٠١٠،٦)

سالاسیما کۆمەڵێک حاڵەتە کە تیایدا هیمۆگلۆبین لە پێکهاتەدا ئاساییە بەڵام لە بڕدا یان لەجۆردا کەمبۆتەوە، سالاسیما یەکێکە لەو نەخۆشییانەی کە لە جیناتی دایک و باوکەوە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵ، بە یەکسانی کاریگەری لەسەر هەریەکە لە ژن و پیاو هەیە، منداڵ جیناتە نائاساییەکە یان ناتەواوەکە لە هەردوو دایک و باوکەکەوە وەردەگرن. (البرقعاوي،٢٠١٠،٦)

سالاسیمیا وەک هەرجۆرە نەخۆشییەکی تر چەند جۆرێکی هەیە کە بریتیین لە :-

1-سالاسیمیای ئەلفا :- چوار جۆری جینات کە دەکەونە سەر کرۆمۆسۆمی (١٦) دوو زنجیرەی ئەلفا لە هیمۆگلۆبینی خوێندا پێکدەهێنن، واتە ٢٥٪ ی دوو زنجیرەکە دروست دەبن و هەر کەموکوڕییەکی بۆماوەیی دەبێتەهۆی سڕینەوەی یەکێک یان هەمووی، ئەمانەش پێی دەوترێت ئەلفا سالاسیما، کەسێک توشی ئەم جۆرە سالاسیمایە دەبێت ئەگەر کەموکوڕی یان گۆڕانکاری لە یەکێک لە جیناتەکانی ئەلفا گلۆبین دا ڕووبدات، گۆڕانکاری لە جیناتەکاندا چەند جۆرێکە هەندێک جار کێشە لە یەک جیناتدا دەبێت، تێیدا نەخۆش نیشانە تەندروستییەکانی پیشان نادات، ئەگەر کێشەکە لە دوو جیناتدا بێت دەبێتە هۆی کەمخوێنی و کەمڕەنگی مامناوەند، و هەندێکجار کێشە لە سێ یان چوار جیناتدا دەبێت،نەخۆشەکان توشی کەمخوێنییەکی زۆر دەبن، هەندێکجار پێویستیان بە گواستنەوەی خوێن هەیە، خانەکانی خوێن بچوکن و بەشێوەی دیاریکراو دەرناکەون، و ئەگەر کێشەکە لە چوار جیناتی ئەلفا گلۆبیندا بێت و منداڵەکە لەدایکبونیەوە لەگەڵیدا دەبێت بەشێوازی کەمخوێنییەکی توند و ڕەنگە کۆرپەلەکە لە سکی دایکیدا بمرێت.(Clinical Health Education Department, (without year, 12

2-سالاسیمای بیتا :- ئەم جۆرە لە سالاسیمیای ئەلفا مەترسیدارتر و بەربڵاوترە، بەهۆی ئەوەی بەر هەمهێنانی زنجیرەکانی بیتا تەنها لە دوو جیناتەوەیە کە دەکەوێتە سەر کرۆمۆسۆمی (١١)، هەر کەموکوڕییەکی بۆماوەیی لە یەکێک یان هەردوو جیناتەکاندا دەبێتە هۆی حاڵەتی توشبوون بە پلەی جیاوازی توند لە جۆری سالاسیمای بیتادا ,بەپێی پلەی تونديیەکەی پۆلێن دەکرێت:

أ-سالاسیمیای بچوک یان سالاسیمیایی بۆماوەیی:- لەم جۆرەدا پڕۆتینی بیتا ئەوەندە زۆر نیە کە ببێتە هۆی کێشە لە کارکردنی ئاسایی هیمۆگلۆبین ، نەخۆش لەم حاڵەتەدا هەڵگری کەمخوێنی بۆماوەیە، توشی کێشەی تەندروستی زۆر نابێت بەڵام ڕەنگە توشی کەمخوێنی مامناوەند ببێت.

ب- سالاسیمیای بیتای مامناوەند:- جۆرێکی مامناوەندی مەترسیدارە بەوپێیەی دەتوانرێت لەڕووی مەترسییەوە لە نێوان جۆری یەکەم و سێیەمدا پۆلێن بکرێت، ئەو نەخۆشەی سالاسیمای مامناوەندی هەیە بەبێ گواستنەوەی خوێن بەزیندووی دەمێنێتەوە و زۆربەی نەخۆشەکان تەنانەت دوای تەمەنی دووسالیش تەندروستییان باشە، پاشان توشی کەمخوێنییەکی مامناوەند دەبن کە دواتر دەبێتە مەترسیدار.

ج- سالاسیمیای گەورە:- ئەم جۆرە نوێنەرایەتی جۆرێکی تونڈی سالاسیما دەکات، کە تێیدا کەمی تەواوەتی پڕۆتینی زنجیرەی بێتا گلۆبین لە هیمۆگلۆبیندا هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمخوێنی توند و مەترسیدار بۆ سەر ژیانی کەسەکە و پێویستی بە گواستنەوەی خوێن هەیە، هەروەها دەبێتەهۆی گەورەبوونی سپڵ و شێواوی ئێسک و کەمڕەنگی خانەکانی خوێن. (Clinical Health Education Department, without year, 12)

لەم توێژینەوەیەدا سەرجەم ئەو منداڵە توشبووانەی دایک و باوکیان وەک نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون، و پلەی نەخۆشییەکەیان لە جۆری سالاسیمیای بیتای گەورەیە پێویستیان بە گواستنەوەی بەردەوامی خوێن هەیە بۆ مانەوەیان لە ژیان.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12325]
- **Submission Date:** [16/2/2026], **Revised Date:** [19/2/2026], **Accepted Date:** [5/11/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

5.1.2 نیشانەکانی نەخۆشی سالاسیمیا:

لەکاتی توشبوون بە نەخۆشی سالاسیمیادا نەخۆش ڕووبەڕووی چەند نیشانەیەک دەبێتەوە لە جەستەیدا کەدەتوانرێت نەخۆشییەکەی پێ دیاریبکرێت، وەک ئەوەی نەخۆشەکان لە نێوان سێ مانگی یەکەم و شەش مانگی سەرەتای تەمەنیان توشی کەمخوێنی مەترسیدار دەبن، هەروەها گەورەبوونی جگەر و سپڵیان هەیە، هەروەها گەورەبوونی ئێسکەکانی دەموچاو بەهۆی زیادبوونی نائاسایی ژمارەی خانەکانی ناوەوخ، لەگەڵ لاوازی و زەردبوونی نائاسایی.

هەروەها بارگرانییەکی زیادەی ئاسنیان لەسەرە بەهۆی دووبارە گواستنەوەی خوێنەوە، جگە لەوەش ئەم نەخۆشانە توشی کێشەی گەورەی دڵ دەبن کەدەبێتە هۆی مردن لەوکەسانەی کە توشی سالاسیمای گەورە بوون.

کاریگەری کەمخوێنی لەسەر نەخۆشەکە لە ئەنجامی بێتوانایی خوێن لەهەڵگرتنی ئۆکسجین ڕوودەدات، توندی نیشانەکان ڕێژەیی دەبێت لەگەڵ ئاستی هیمۆگلۆبین و خێرایی کەمخوێنی،ئەمەش کاریگەری لەسەر هەموو سیستەمەکانی لەش هەیە، وەک سیستەمی سوڕی خوێن، کۆئەندامی هەرس، کۆئەندامی دەمار، کۆئەندامی زاوزێ، کۆئەندامی هەناسەدان.(Van Do and H Tran,2014, 14).

5.1.3 ڕێگاکانی خۆپاراستن لە نەخۆشی سالاسیمیا:

1-پشکنینی پێش لەدایکبوون:- گەر هەردوو دایک و باوک هەڵگری بیتا سالاسیمیا بوون، دەتوانرێت لە هەفتەی دەیەم و یازدەیەمی دوگیانیدا پشکنینی نەخۆشییەکە بکرێت، بۆئەوەی بزانرێت کە ئایا کۆرپەلە سالاسیمیای هەیە یان نیەتی.

بەشێک لە دایکان و باوکان ئاماژەیان بەوەکرد کە لەدوای توشبوونی منداڵێکیان بەنەخۆشییەکە، لەکاتی دووبارە دووگیانبوونەوە پشکنینیان بۆ دەکرێت و دیاریدەکەن کە ئایا منداڵەکە نەخۆشی سالاسیمیای هەیە یان نیەتی.

2-پشکنین پێش هاوسەرگیری:- هەرکەسێک دەتوانرێت زۆر بە ئاسانی پشکنینی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت هەڵگری نەخۆشییەکەیە یان نا، ئەگەر بڵێین هەرکەسێک کەدەیەوێت هاوسەرگیری بکات پێویستە ئەم پشکنینە ئەنجام بدات.

3-ڕێگریکردن لە هاوسەرگیری لەنێوان خزماندا:- ئەگەر تا ڕێژەی هاوسەرگیری لەنێوان خزماندا زیاتر بێت، ڕێژەی توشبوون بەونەخۆشییە زیاتر دەبێت، سەرجەم توێژینەوەکانی کەدەربارەی ئەم بابەتەن لەسەر ئەوە کۆکن،ئەم جۆرە هاوسەرگیریانە لەشار و گوندەکاندا بەربڵاوبووە،بەتایبەتی هاوسەرگیری پێشوەختەی خزمایەتی بەبێ گوێدانە لایەنە تەندروستییەکان، هەربۆیە گرنگە لە کاتی هاوسەرگیری یان پێش دووگیانیدا ڕاوێژکاری بۆماوەیی هەبێت، بەتایبەتی کاتێک پلەی خزمایەتی زیاد دەکات.

4-پشکنینی بۆماوەیی کۆرپەلە:-ئەم نەخۆشییە بەبەکارهێنانی ئەم تەکنیکە پێش دووگیانی دەتوانرێت ڕێگری لێبکرێت، بەوپێیەی زۆرێک لەدایک و باوکانەی هەڵگری سیفاتی بۆماوەیین، توانیویانە منداڵی تەندروست و دوور لە سالاسیما لەدایک بین، بەئەنجامدانی پشکنینی بۆماوەیی پێشوەختە لەسەر کۆرپەلە پێش گەرانەویان بۆ منداڵدان لەڕێگەی منداڵی بلوربییەوە.(Kenny,2018, 14)

5.1.4 چارەسەری نەخۆشی سالاسیمیا:

هەر جۆرێکی نەخۆشی کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە چەند جۆرێک چارەسەری بۆ دادەنرێت بەپێی جۆری نەخۆشییەکە، نەخۆشی سالاسیمیا وەک هەر نەخۆشییەکی تر کۆمەڵێک چارەسەری بۆ دەکرێت بۆ مەبەستی باشترکردنی بارودۆخی نەخۆشەکە کە بریتیین لە :-

1-گواستنەوەی خوێن:- گواستنەوەی خوێن بۆ نەخۆش بەبەردەوامی گرنگە و چارەسەرێکی پێویستە بۆ پاراستنی ئاستی هیمۆگلۆبین بەتێکڕای (١٢)گم/دیلیلیتر(12 g/dl)، گواستنەوەی خوێن بۆمەبەستی ڕێگریکردنە لەمردنی نەخۆشەکە بەهۆی کەمخوێنییەوە لە منداڵیدا و ڕێگە بەگەشەکردن و پەرەپێدانی بەشێوەیەکی ئاسایی دەدات لە کاتی منداڵیدا، لەگەڵ ئەوەشدا گواستنەوەی خوێن هەندێک لایەنی نێگەتیڤی هەیە وەک گواستنەوەی ڤایرۆس و بەکتریا لە خوێنی بەخشەرەوە بۆ نەخۆشەکە، یان کەڵەکەبوونی ماددەی ئاسن... هی تر.(Van Do and H Tran,2014, 16)

2-چارەسەرە پاڵپشتییەکان

أ-چارەسەری دیسفێراڵ و ترشی ئەسکۆریک:- بەهۆی ئەوەی هیچ جۆرە ڕێگەیەکی سروشتی نیە بۆ ڕزگاربوون لە بوونی ئاسنی زیاد لە پێویست لە جەستەدا، ئەم چارەسەرە بەکاردێت، چونکە ئەو ئاسنە زیادەیە دەبێتە توخمێکی ژەهراوی بۆ شانەکان و ئەندامەکانی لەش بەتایبەتی دڵ، و هەروەها زیادبوونی ئاسن دەبێتە هۆی زوو مردنی نەخۆش بەهۆی لەکارکەوتنی ئەندامەکانی جەستە، بۆ لابردنی ئاسنی زیادە نەخۆشەکە (Iron chelation therapy) دەرمانێکە کەدەدرێت بەلەش و بە ئاسنی زیادەوە دەبەسترێتەوە و لەڕێگەی میز یان پیساییەوە دەیباتەدەرەوە.

ب-ترشی فۆلیک:- ترشی فۆلیک دەدرێت بە منداڵی توشبوو بە سالاسیمیا، ئەو منداڵانەی کە بەرهەمهێنانی خڕۆکە سورەکانی خوێنیان زیادیکردووە.

3-ئەنجامدانی نەشتەرگەری

أ-نەشتەرگەری لابردنی سپڵ:- زۆرینەی نەخۆشانی تووشبوو بە سالاسیمیای بیتا پێویستیان بەلابردنی سپڵیان هەیە، هۆکاری سەرەکی بۆلابردنی سپڵ بۆ کەمکردنەوەی پێویست بوون بە خوێنە، هەروەها لابردنی سپڵ پێویستە کاتێک سپڵ گەورە دەبێت چونکە هۆکاری ماندوێتی جەستەیە و هۆکارە بۆ تووشبوونی نەخۆشەکە بەچەندین نەخۆشی، لابردنی سپڵ دوای تەمەنی پێنج ساڵی ئەنجام دەدرێت و دوای نەشتەرگەرییەکە بەبەردەوامی دەرمانی خۆپارێزی دەدرێت بە منداڵان.

ب-چاندنی مۆخی ئێسک:- یەکێکە لە شێوازەکانی چارەسەرکردنی سالاسیمیای بیتا، ئەم شێوازە بریتییە لە وەرگرتنی مۆخی ئێسک لە کەسانی تەندروست(بەخشەرەکان) کە مۆخەکەیان دەبەخشن بە نەخۆشەکان.

زۆرینەی دایکان و باوکان کەلە سەنتەری سالاسیمیا و نەخۆشیە بۆماوەیی یەکانی خوێن لە سلێمانی چارەسەر بۆ منداڵەکانیان وەردەگرن، هیوا و ئومێدێکی زۆریان بەم جۆرە لە چارەسەر هەیە بۆ چاکبوونی منداڵەکانیان.

5.2 باسی دووەم:- کێشەکانی خێزانی خاوەن منداڵی توشبووی سالاسیمیا

خێزان یەکێکە لە سیستەمە کۆمەڵایەتییە کراوەکان،ئەم تایبەتمەندییە وادەکات خێزان ببێتە گروپێک کە پشت بە کارلێکی هاوبەشی

نێوان ئەندامەکانی یان نێوان خێزانەکە بەگشتی و گرووپ یان سیستەمی کۆمەڵایەتی دیکە دەبەستێت، ئەم کارلێکردنە سەرەڕای گرنگییەکەی لە پاڵپشتیکردنی یەکتر و گەیشتن بە ئاماج و ئەرکەکان زۆرجار دەبێتەهۆی دروستبوونی چەندین کێشە.

و لێرەدا کەموکوڕییەک لە ئەدای کارکردنی تاکەکان و خێزانەکە بەگشتی ڕوودەدات و لە ئەنجامدا ئەمەش دەبێتە هۆی خراپی گونجانی خێزان، یان خراپی گونجانی منداڵ، هەروەها دەبێتە هۆی تێکچوونی سیستەمی پەیوەندییە خێزانییەکان کە لەئەنجامی کاریگەری هۆکارێکی ناوخۆیی یان دەرەکی یەکێک یان چەند ئەندامێکی خێزانەوەیە و هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی کێشە و ململانێ لە نێو خێزاندا و هەڕەشە لەسەر مانەوە و بەردەوامی ژیانی خێزانی دروست دەکات، یان بەهۆی بوونی نەخۆشی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەوە بەتایبەت ئەگەر نەخۆشەکە یەکێک بێت لە منداڵەکان ئەوکات خێزان و بەتایبەت دایک و باوک ڕووبەڕووی سەختی و گرفتی زۆر دەبنەوە.(محمد،٢٠١٣،٧٣)

منداڵ کۆمەڵێک پێداویستی زۆری هەیە لە ناو خێزاندا چونکە کۆمەڵێک تایبەتمەندی بنەڕەتی هەیە،کە پێک دێن لە پێداویستی سەرەتایی، تەندروستی، دەروونی و کۆمەڵایەتی، گەشەی کۆمەڵایەتی... ،شایەنی باسە بێبەشکردنی منداڵ و تێرنەکردنی ئەو پێداویستیانەی کە پێویستن بۆ گەشەکردنی دەبێتە هۆی بەرکەوتنی زیان و کێشەی جۆراوجۆری بۆ دروست دەکات، بەتایبەت ئەگەر هاتوو منداڵەکە نەخۆش بوو پێداویستییەکانی زیاتر دەبن و کاریگەری پرنەکردنەوەی زیاتر دەبێت لەسەر منداڵەکە و خێزانەکەی و خێزان لەم کاتەدا ڕووبەڕووی جۆرەها کێشە و گرفت دەبێتەوە لەوانە کێشەی کۆمەڵایەتی، دەروونی ئابووری.(محمد،٢٠٠٩،١٥١)

کێشە و گرفتە خێزانییەکان کەم تا زۆر لەناو خێزانەکاندا هەن، خێزانی بەختەوەر مانای ئەوە نیە کێشەی تێدا نیە، بەڵکو مانای ئەوەیە کە ئەو خێزانە لە توانایدا هەیە مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ کێشەکانیاندا بکات، بەشێوازێکی زانستی و لۆژیکی مامەڵە لەگەڵ کێشەکاندا بکات و توانای دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی هەبێت، هەروەها بیر لە میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بکاتەوە.(کەریم،٢٠٢٣،١٥١)

لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو کێشانە دەدەین کەڕووبەڕووی خێزانی خاوەن منداڵی تووشبوی سالاسیمیا دەبنەوە و بریتیین لە:

5.2.1-کێشە کۆمەڵایەتییەکان:

خێزان بەرپرسیارێتی گرنگ دەخاتە ئەستۆی دایک و باوک لە پێگەیاندنی منداڵدا کاتێک ژیانی هاوسەرێتی بەخۆشەویستی و ڕێز و متمانەوە دەست پێدەکات منداڵیش ژینگەیەکی تەندروستی دەبێت، (جۆن لۆک) پێی وایە بەردەوام بوونی کێشەکان ژیانی خێزانی بەرەو هەڵوەشان دەبات، گەورەبوونی منداڵ لەناو ململانێ منداڵێکی شەرانگێز بەرهەم دەهێنێت و بەردەوام بەراوردی خێزانەکەی بەخێزانێکی خۆشبەخت دەکات، پەیوەندی هاوسەنگ لەنێوان ئەندامانی خێزان دوور لە جیاوازی و ڕکابەری لەنێوان منداڵەکان هاوکارە لە گەشەکردنی منداڵ بەشێوەیەکی تەندروست و دوور لە ڕق و کینە، گرنگە هەموو ئەندامانی خێزان ڕەچاوی بەرپرسیارێتی و ڕۆڵی خێزانییان بکەن بەوجۆرەی بۆیان دیاریکراوە ئەوە یارمەتییان دەدات لە بونیاتنانی خێزانێکی یەکگرتوو و دوور لە کێشە.(حمەلاو،٢٠٢٣،٣٩)

خێزانی خاوەن منداڵی نەخۆش ڕووبەڕووی سەختییەکی زۆری کۆمەڵایەتی دەبنەوە، چونکە بوونی منداڵێکی نەخۆش لە خێزاندا ڕەنگە کەشێکی ناڕێکخراوی خێزانی دروست بکات و ببێتە هۆی ناکۆکی خێزانی، جا چ لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی ناو خێزان بێت واتە لەنێوان هاوسەرەکان(دایک و باوک) بێت کەڕەنگە ببێتە هۆی جیابوونەوەی دایک و باوک یان کێشە لەپەیوەندییەکەیاندا دروست ببێت یان لەنێوان دایک و منداڵی نەخۆش، لەنێوان دایک و منداڵەکانی دیکە چونکە هەندێک جار دایکەکە زیاد لە پێویست گرنگی بە منداڵە نەخۆشەکەی دەدات بەبەراورد بە منداڵەکانی تری، لەنێوان و خوشک و براو منداڵە نەخۆشەکەیان، یان کێشەکۆمەڵایەتییەکانیان لە ئاستی پەیوەندییە دەرەکییەکانی خێزاندایە وەک دراوسێ و هاوڕێ و خزم.(سعفان،٢٠٢٢،٤)

5.3-کێشە دەروونییەکان:

ئەو خێزانانەی تاکێکی نەخۆشیان هەیە ڕووبەڕووی زۆر لە فشارە دەروونیەکان دەبنەوە لەڕێگای هەوڵدانیان بۆ خۆگونجاندن و هاوژیانی لەگەڵ نەخۆشەکەیاندا بەجۆرێک لای هەندێکیان دەبێتە نەخۆشی، بەشێک لە لێکۆڵینەوەکان گرنگی دەدەن بە لایەنی دەروونی ئەو خێزانانەی کە منداڵێکی نەخۆشیان هەیە، هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانە دڵنیایی دەدەن بەوەی دایکان و باوکان لەهەموو ئەندامەکانی تری خێزان زیاتر ڕووبەڕووی فشارە دەروونیەکان دەبنەوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کارەکەیان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەو ژینگەیەی تێیدا نیشتەجێن، ئەمەش دەتوانرێت تێبینی بکرێت لەڕێگەی دیاردە ڕەفتارییەکانیانەوە کەدەریدەخەن، وەک پەسەندنەکردنی منداڵەکەیان، شاردنەوەی منداڵەکەیان لە خەڵک، دورە پەرێزی لە ژیانی کۆمەڵایەتی، نەگونجانی دەروونی لە نێوان دایک و باوک و لەنێوان دایک و باوک و تاکەکانی تری ناو خێزان لەلایەکی ترەوە، نەبوونی چێژی ژیان، هەستکردن بە بێئومێدی لەبەر نەبوونی سەرچاوەی پاڵپشتی یاریدەدەر، پەڕەوکردنی ژیانێکی ڕۆتین و نەتوانینی گۆڕانکاری،گرپانی بەردەوام،ترس لە دووگیانبوون لە داهاتوو، گومانبردن بەهۆکاری بۆماوەیی.(قادر،٢٠١٣٦٧،٦٧)

5.4-کێشە ئابوورییەکان:

هۆکاری ئابوری لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکاندا بەرپرسە لە کێشەی خێزانی، هەژاری یان بێکاری یان نەخۆشی دەبێتەهۆی کەمی سەرچاوەی ماددی، هەندێک جار خراپی دۆخی ئابوری هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە منداڵان بێ ماڵ و حاڵ بن، یان خێزان ئەگەر منداڵێکی نەخۆشی هەبێت نەتوانێت پێداویستییەکانی بۆ دابین بکات، خێزانە هەژارەکان ناچار دەبن منداڵەکانیان لەتەمەنێکی بچوکدا بنێرنەسەرکار، هۆکارە بۆئەوەی خێزانەکان پەنا بۆ ژیان لەخانووی ناتەندروستدا ببەن، ئەمەش دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی جۆرەها نەخۆشی کەڕەنگە ڕێگری لەسەرۆکی خێزانەکە بکات بەردەوام بێت لە کارەکەی، یان پێداویستییەکانی خێزانەکە زیاد بکات بەهۆی پێویستی ئەندامەکانی بۆ چارەسەر و دەرمان.(أبو أسعد،الختاتنه،٢٠١٤،٥٥)

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12325]
- **Submission Date:** [16/2/2026], **Revised Date:** [19/2/2026], **Accepted Date:** [5/11/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

منداڵێکی نەخۆش بارگرانی دارایی بۆ خێزانەکەی دروست دەکات بەهۆی ئەو دەرمانانەی کە پێویستیانە، یان پێویستی ناونوسینی لە ناوەندێکی تایبەتدا وەک نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشییەکەی،یان ڕەنگە دایک و باوک پێویستیان بەداواکردنی یارمەتی پزیشکی پسپۆڕ هەبێت بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات بۆکەمکردنەوەی ئەو ستڕێسەی کە پەیوەستە بە نەخۆشی منداڵەکەیان، بەوپێیەی هەندێک خێزان بەدەست ئاستێکی کەمی ئابوورییەوە دەناڵێنن، ئەمەش هەندێکجار ناچاریان دەکات داوای هاوکاریی دارایی بکەن و پێویستیان بە هاوکاری لایەنی پەیوەندیدار بێت بۆمەبەستی دابین کردنی پێداویستییەکانی منداڵە نەخۆشەکەیان.(عربیات،٢٠١١،١٦١)

6 بەشی سێیەم:- چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە

6.1 باسی یەکەم :- میتۆدی توێژینەوەکە و هەنگاوەمەیدانییەکانی توێژینەوەکە

6.1.1 میتۆدی توێژینەوەکە: بەگشتی لە توێژینەوە مرۆییەکاندا دوو میتودی سەرەکی دەبینرێت ئەوانیش میتودی چۆنێتی و میتودی چەندێتی، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە جۆری چۆنێتی.

توێژینەوە چۆنێتییەکان توێژینەوەی ئەو بابەتانە دەکەن کە لە ڕوونکردنەوەی ماناکانیان دا لەلایەن تاکەکان یان گروپەکانەوە دەدرێنە پاڵ کێشە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها ڕێگا دەدات بۆ گەیشتن بە هەڵهێنجاندنی تیۆرێکی نوێ.(ڕؤوف،٢٠٢٣،٩٥)

6.1.2 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:-سەرجەم ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە لە خەسڵەت یان سیفەتێکی تێبینیکراودا هاوبەشن و ڕەنگە لە چەند خەسڵەتێکی تردا جیاواز بن و لەیەک نەچن. (بۆکانی،٢٠٢٠،١١٠)

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دایکان و باوکانی ئەو منداڵانەی کە توشبووی سالاسیمیان و تەمەنی منداڵەکانیان لە نێوان (٥ساڵ – ١٣ساڵ) یدایە و، لە سەنتەری سالاسیمیا و نەخۆشیە بۆماوەیی یەکانی خوێن لە سلێمانی چارەسەر وەردەگرن.

6.1.3 نموونەی توێژینەوە:- لە ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوە پێک دێت، کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگای توێژینەوە دەکات .(أحمد،٢٠٢٢،٦٥)

لە توێژینەوەی چۆنێتیدا وەرگرتنی نموونەی توێژینەوە زیاتر لە جۆری نموونەی مەبەستدارە کە جۆرێکە لە نموونە نا ئەگەرییەکان،لەم جۆرەدا توێژەر مەبەستدارانە نموونەیەک هەڵدەبژێرێت لە ناو یەکەکاندا ، هەڵی یەکسان لەبەردەم تاکەکاندا نیە تایبنە ئەندام لە نموونەی توێژینەوەکەدا و گشتاندن ناکرێت لە ئەنجامەکاندا.

نموونەی توێژینەوەکەمان نموونەیەکی نائەگەرییە لە جۆری مەبەستدار، قەبارەکەشی لە (١٢) دایک و باوک پێکهاتوون، (٨) دایک و (٤) باوک بوون و بەو جۆرە نموونەی توێژینەوەکە لە (١٢) دایک و باوک پێکهاتبوون، منداڵان بەپێی تەمەنەکەیان زۆرتر ئاسودەن لەگەڵ دایکیان سەردانی سەنتەر بکەن یان بەهەر هۆیەک بێت باوکیان سەرقاڵی کارکردن و دابینکردنی بژێوی ژیان بێت بۆ خێزانەکەی بەهۆیەوە لەکاتی سەردانیکردنمان بۆ وەرگرتنی نموونەکان زۆرترین ڕێژەی دایکان لەگەڵ منداڵەکانیان سەردانی سەنتەریان دەکرد.

تایبەتمەندییەکانی هەڵبژاردنی نموونە:

1-خاوەنی منداڵی توشبووی سالاسیمیا بن

2-تەمەنی منداڵەکەیان لە نێوان (٥-١٣) ساڵیدا بێت، توێژەر پێی وابووە کە ئەو تەمەنەی منداڵ هەستیارە هەست بە نەخۆشی و کێشەکانی نەخۆشییەکەیان دەکەن و کاریگەرییان لەسەر خێزان دەبێت و بەهۆیەوە خێزان ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە.

3-چارەسەری نەخۆشی منداڵەکەیان لە سەنتەری سالاسیمیا و نەخۆشیە بۆماوەیی یەکانی خوێن وەربگرن.

4 خەسڵەتە جیاکەرەوەکانی نموونەی توێژینەوەکە:

نموونەی توێژینەوەکە چەند خەسڵەتێکی تایبەتیان هەبوو:

1-نموونەی توێژینەوەکە لە هەریەکە لە دایکان و باوکان پێکهاتبوون کە ژمارەیان (٨) دایک و (٤) باوک بوون و بەو جۆرە نموونەی توێژینەوەکە لە (١٢) دایک و باوک پێکهاتبوون، منداڵان بەپێی تەمەنەکەیان زۆرتر ئاسودەن لەگەڵ دایکیان سەردانی سەنتەر بکەن یان بەهەر هۆیەک بێت باوکیان سەرقاڵی کارکردن و دابینکردنی بژێوی ژیان بێت بۆ خێزانەکەی بەهۆیەوە لەکاتی سەردانیکردنمان بۆ وەرگرتنی نموونەکان زۆرترین ڕێژەی دایکان لەگەڵ منداڵەکانیان سەردانی سەنتەریان دەکرد.

2-دایکان و باوکان لەڕووی تەمەنەوە تەمەنیان لە نێوان (٢٨ تاوەکو ٥٠) ساڵیدایە.

3-ئاستی ئابوری (باش، ناوەند)

4-شوێنی نیشتەجێ بوون (ناوشار، دەرەوەی شار)، لە کۆی (١٢) دایک و باوکی نموونەی توێژینەوەکە (١٠) یان لە دەرەوەی شاری سلێمانی بوون لە ناوچەکانی وەکو (کەلار، کفری، تەکیە،چەمچەماڵ،بازیان) و تەنها (٢) نموونە لە ناوشاری سلێمانی بوون.

5-ژمارەی منداڵ (لە نێوان ٢ بۆ ٦) منداڵدایە

6-ژمارەی منداڵی توشبوو (لە نێوان ١ بۆ ٢ منداڵدایە)

سەرجەمی چاوپێکەوتنەکان داوا لەنێتوێژراو کراوە بەمەبەستی چاوپێکەوتن و دواتر چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە، ماوەی چاوپێکەوتنەکان لە نێوان (٢٥ بۆ ٤٥) خولەک هەندێکجار کەمتر و هەندێکجار زیاتری خایاندووە، بەوشێوەیە تاوەکو گەیشتوینەتە تێربوون، ئەمەش کاتێک دەبێت کە توێژەر لەدوای ئەنجامدانی چەند چاوپێکەوتنێک هەستی دەکرد وەڵامی نوێی دەستناکەوێت و دووبارە هەمان وەڵامی دەدرێتەوە، ئیتر لەوشوێنەدا دەوەستێت، واتە گەیشتووە بە تێربوونی تیۆری.(ڕؤوف،٢٠٢٢،٩٩)

6.1.4 بوارەکانی توێژینەوە:

1-بواری مرۆیی:بریتییە لە دایک و باوکی ئەو منداڵانەی کە توشبووی سالاسیمیان و تەمەنی منداڵەکانیان لە نێوان (٥-١٣) ساڵیدایە، لە سەنتەری سالاسیمیا و نەخۆشیە بۆماوەیی یەکانی خوێن لە شاری سلێمانی چارەسەر وەردەگرن، ژمارەیان (١٢) دایک و باوکە.

2-بواری شوێنی: بریتییە لە سەنتەری سالاسیمیا و نەخۆشیە بۆماوەیی یەکانی خوێن لە شاری سلێمانی، نموونەی توێژینەوەکەی لێوەرگیراوە.

3-بواری کاتی:ماوەی کارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە کەوتۆتە نێوان (٢٠٢٥/٧/١) تاوەکو (٢٠٢٥/١١/١) .

6.1.5 **ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:**پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکان لە توێژینەوەی زانستیدا ، پێویستە لەسەر بنەمایەکی زانستی ورد ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی زانیارییەکی گونجاو و ورد بەدەستبهێنرێت، ئامرازەکانی توێژینەوە

بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لایەنی مەیدانی چەند جۆرێکی هەیە، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بە ئامرازی چاوپێکەوتن.

چاوپێکەوتن:- بریتییە لە سەردانیکردنی توێژەر بۆ لای لێتوێژراو لە ماڵی خۆیاندا یان لە شوێنی کارکردنیان ....، لە پێناو وەرگرتنی زانیاری کە بە بۆچوونی توێژەر لای لێتوێژراوەکان بوونی هەیە.(ئەبراش،٢٠١٣،٤٠٩)، گرنگی چاوپێکەوتن لەوەدایە کە توێژەر ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو چاوپێکەوتن لەگەڵ تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە دەکات و زانیاری پێویستی دەربارەی توێژینەوەکەی دەستدەکەوێت.(قەرەچەتانی،٢٠٢٣،٢٤٠)

لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بەچاوپێکەوتنی ڕێکخراو، کە بریتییە لە خستنەڕووی چەند پرسیارێکی دیاریکراو لە هەمان کاتدا ئازادییەک دەداتە توێژەر بە شێوازی تر پرسیاری تر بخاتەڕوو، بەڵام پەیوەندی مەبەستداری هەبێت بەبابەتی توێژینەوەکەوە.(خدر،٢٠٢٢،١١٨)

6.1.6 ڕاستێتی فۆرمی چاوپێکەوتن: فۆرمی چاوپێکەوتنەکەمان لە دوو زانیاری پێک هاتبوو، یەکەم زانیارییە گشتییەکان کە خۆی لە (٩) پرسیاردا دەبینیەوە، دووەم زانیارییە تایبەتییەکان کە لە (١٣) پرسیار پێکهاتوون ئەوانیش تەوەرەی (پرسیارە کۆمەڵایەتییەکان و لە ٤ پرسیار پێکهاتووە) ، (تەوەرەی پرسیارە دەروونیەکان کە لە ٥ پرسیار پێکهاتووە) و (تەوەرەی پرسیارە ئابوورییەکان کەلە ٤ پرسیار پێکهاتووە).

بۆمەبەستی وەرگرتنی ڕاستێتی بۆ ئەم فۆرمە ، دوای ئامادەکردنی فۆرمەکە وەک هەنگاوێکی زانستی فۆرمەکە دابەشکراوە بەسەر چەند پسپۆرێکدا، دوای دابەشکردن و وەرگرتنەوەی فۆرمەکان لە پسپۆران، بەڵەبەرچاوگرتنی تێبینی و سەرنجەکان، ئەنجامی ڕاستی پێوەرەکە بریتییە لە (٩٧.٦).

6.2 باسی دووەم: خستنەڕووی ئەنجامی چاوپێکەوتنەکان و وەڵامدانەوەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە:لێرەدا وەڵامی پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکان و هەروەها ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو:

6.2.1 یەکەم:- پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکە خۆیان لە (15) پرسیاری کراوەدا دەبینییەوە، بەم شێوەیەی کەلە خوارەوەدا باسی دەکەین:

پرسیاری یەکەم: پەیوەندیت لەگەڵ منداڵە نەخۆشەکەت چۆنە؟

سەرجەم چاوپێکەوتنەکان کە (12) لێتوێژرا ن ئاماژەیان بەوەکرد کە پەیوەندییان لەگەڵ منداڵەکەیان زۆرباشە وزۆریان خۆشدەوێت و پێیان خۆشە هەر داواکارییەکی هەبێت بۆی جێبەجێ بکەن و دڵی نەشکێنن.لێتوێژراوێک "سەرەڕای بوونی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ منداڵە نەخۆشەکەی، بەڵام لەگەڵ منداڵەم هەندێک جار زو زو شەڕ دەکەین و تورە دەبم ،دایکەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەردووکیان تورەن و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە کە خۆشی توشبووە و کاریگەری نەخۆشییەکەی لەسەرە و بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە توشی سەرئێشەی توند و بێتاقەتی دەبێت و زۆرجار خۆی بۆ کۆنترۆڵ ناکرێت". ٢

لێتوێژراوێک "پەیوەندییەکەمان باشە لەگەڵ منداڵەکەم بەڵام هەندێک جار توشی کێشە ئەبم لەگەڵی لەسەر خواردن، هەندێک خواردن دەخوات کاریگەری خراپی هەیە لەسەر جەستەی هەیە بەڵام هەر دەیخوات ئەمە کێشە دروست دەکات و هەندێکجار تورە دەبم بۆ ئەوەی کێشەی جەستەی بۆ دروست نەبێت"١٠.

پرسیاری دووەم: پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەندامانی خێزانەکەتان چۆنە؟ (دایک و باوک و منداڵەکانی تر، منداڵەکان پێکەوە)

سەرجەم چاوپێکەوتنەکان کە (12) لێتوێژراون ئاماژەیان بەوەکرد کە بەگشتی پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی خێزانەکەیان زۆر باشە، لەگەڵ هاوسەرەکانیان و منداڵەکانیان، تەنانەت باسیان لەوەکرد پەیوەندی نێوان منداڵەکانیان زۆرباشە و منداڵەکانی تریان زۆر ڕەچاوی بارودۆخی منداڵە نەخۆشەکەیان دەکەن و هەوڵدەدەن دڵی ڕابگرن و نازی پێدەدەن، بەتایبەت ئەو خێزانانەی کە یەک منداڵیان توشبووە یان منداڵەکەیان منداڵی بچوکی ماڵەوەیە ، تەنانەت هەندێک لە دایک و باوکەکان ناوی منداڵەکەیان بە پاشای ماڵەوە یان خۆشەویستی ماڵەوە دەهێنا.

پرسیاری سێیەم: پەیوەندییەکانتان لەگەڵ خزمانتان چۆنە لەڕووی هاتوچۆکردن و سەردانیکردنەوە؟

بۆچوون و وەڵامەکانی لێتوێژراوان دابەش دەبێت بۆ چەند لایەنێک:-

زۆرینەی چاوپێکەوتنەکان (9) لێتوێژراو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ خزمانیان زۆر باشە هاتوچۆ و سەردانیکردن هەیە دەچنە ماڵی خزمەکانیان و نەخۆشی منداڵەکەیان وای نەکردووە کە ڕێگرییان لێبکات لە سەردانیکردن و پەیوەندی خزمایەتی.

لێتوێژراوێک "ئاماژەی بەوەدا کە پەیوەندییەکان لەگەڵ کەس و کار و خزمەکان لە دەرکەوتنی نەخۆشی منداڵەکەمەوە بەهێزتر بووە و براکانم و خزمەکان زۆر ڕەچاوی ئەکەن و هاتووچۆ و سەردانیکردنمان زۆر زیادی کردووە، خزمەکان سەردانمان دەکەن و ئێمەش زۆر هاتوچۆیان دەکەین و نەخۆشی منداڵەکە پەیوەندییەکەمانی بەهێزتر کردووە، بەهۆی ئەوەی زۆر گرنگی بە منداڵە نەخۆشەکە دەدەن و دڵی ڕادەگرن و حەز دەکەن نازی هەڵگرن".٣

(3) لە لێتوێژراوان ئاماژەیان بەوەکرد کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ خزمەکانیان سنوردارە و هاتوچۆ و سەردانیکردنیان کەمە تەنها لەگەڵ بەشێک لە کەسە نزیکەکانیان هاتوچۆیان هەیە ،حەز بە تێکەڵاوی زۆر ناکەن.

لێتوێژراوێک "هاتوچۆ و تێکەڵاویمان کەمە و خۆم ئارەزووم لە کۆبونەوە نیە لەگەڵ خزمان چونکە خۆشی تووشبوی سالاسیمیا یە و ئاماژەی بەوە کرد زۆر کات بانگیشت دەکرێن بەڵام ناچێت، و باسی لەوەش کرد کە لەکاتی کۆبوونەوەکاندا زۆر ئارام دەبێتەوە و کاتێکی خۆشە بۆی، بەڵام ئەم دایکە لە خزمانی خۆیدا تەنها دایکی قسەی لەگەڵدا دەکات بە هۆکاری ئەوەی ڕازینەبوون بە هاوسەرگیریکردنی".٢ ، توێژەر پێی وایە ئارەزووی تێکەڵنەبوونی دەگەڕێتەوە بۆ نەخۆشییەکەی و پاشان نەبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەس و کارەکەیدا.

پرسیاری چوارەم: بەشداری لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکەن؟

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12325]
- **Submission Date:** [16/2/2026], **Revised Date:** [19/2/2026], **Accepted Date:** [5/11/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

بۆچوون و وەڵامەکانی لێتوێژراوان دابەش دەبێت بۆ چەند لایەنێک:-

زۆرینەی چاوپێکەوتنەکان(10) لێتوێژراو جەختیان لەوە کردەوە بەدڵنیاییەوە لە هەموو بۆنەکاندا لەگەڵ خزمان و دەوروبەر بەشداری دەکەن وەک جەژن و ئاهەنگ و میوانی و بانگێشتکردنەکان، و نەخۆشی منداڵەکەیان وای نەکردووە نەتوانن بەشداری بکەن، یان دووری پەرێز بن.

لە (1) چاوپێکەوتندا ئاماژە بەوەکرا کە " ئەچن بۆ بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بەڵام بەشێوەیەکی سنوردار بەهۆی ئەوەی پێیان وابوو لەلایەن خزمەکانیانەوە زیانی زۆریان بەرکەوتووە".٦

لە (1) چاوپێکەوتندا ئاماژە بەوەکرا کە "بەکەمی بەشداری لە بۆنەکۆمەڵایەتییەکاندا دەکەن و پەیوەندییەکانمان سنوردارە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هاوسەرەکەی زۆر ئارەزووی لەسەردان و هاتوچۆکردن نیە و پەیوەندی بەنەخۆشی منداڵەکەیانەوە نیە.١٠

پرسیاری پێنجەم: هەستت چۆن بوو سەرەتا کە زانیت منداڵەکەت نەخۆشی سالاسیمیای هەیە؟

هەموو چاوپێکەوتنەکان (12) لێتوێژراو جەختیان لەوەکردەوە کە سەرەتا زانیویانە منداڵەکەیان توشبووی سالاسیمیایە شۆکبوون و کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر بارودۆخی دەروونیان و وایان لێهاتووە توانا و ئارەزووی هیچ شتێکیان نەماوە تەنانەت نانیشیان بۆ نەخوراوە، بێتاقەت بوون و نائومێد بوون و توشی دڵەڕاوکێ بوون، هەندێکیان ئاماژەیان بەوەکرد تا ئێستاش لەگەڵ نەخۆشیی منداڵەکەیان ڕانەهاتوون و بەردەوام دەگرین.

لێتوێژراوێک " زۆر زۆر بێتاقەت بووم شۆک بووم تەنانەت توشی بارودۆخێکی دەروونی قورس بووم ، زۆر خەفەتی پێ ئەخۆم بەبەردەوامی ، هەندێک جار هەوڵدەدم زاڵ دەبم بەسەر خۆمدا و بەڵام دواتر وەک خۆمم لێبەتەوە، و توشی بارودۆخێک دەبم زۆر تورە دەبم بەخۆمدا دەکێشم و لە خۆم دەدەم"٢.

لێتوێژراوێک " سەرەتا کە زانیم منداڵەکەم توشبووە وامزانی کۆتایی دنیایە"

پرسیاری شەشەم: چۆن ڕووبەڕووی بێئومێدی و دڵەڕاوکێ بویتەوە بەهۆی نەخۆشکەوتنی منداڵەکەتەوە؟

بۆچوون و وەڵامەکانی لێتوێژراوان دابەش دەبێت بۆ چەند لایەنێک:-

لە (5) چاوپێکەوتندا لێتوێژراوان ئاماژەیان بەوەکرد بەهۆی بڕوابونیان بە خوای گەورە و پابەندبوونە ئایینییەکانیان ڕازین بەوقەدەرەی کە بەسەریان هاتووە، زۆرجار سوپاسی خواەدەکەن لەسەر هەبوونی منداڵەکانیان و دەڵێن لەمەی ئێمە خراپتریش هەیە و لەگەڵ بینینی نەخۆشەکانی تردا ئارام بوینەوە.

لە (5) چاوپێکەوتندا لێتوێژراوان ئاماژەیان بەوەکرد سەرەتا زۆر قورس بووە لەلایان بەڵام پاشان وردە وردە ڕاهاتوون بەپێی کات و وەرگرتنی چارەسەرەکان.

لێتوێژراوێک " سەرەتا زۆر زۆر ناخۆش بوو زۆر پێی بێتاقەت بووم تەنانەت لەگەڵ هاوسەرم هەتا دوو مانگ هیچمان نانمان نەخوارد، تەنها ڕاهاتوم بە نەخۆشی منداڵەکەم کە دێمە سەنتەر و منداڵی تر دەبینم کەمێک ئارام دەبمەوە و بڕوام بە قەدەری خوا هەیە و هەرچی لای خواوە بێت پێی ڕازیم"٥.

لە (1) چاوپێکەوتن دا ئاماژە بەوەکرا کە زۆر ناخۆشە ئەو بارودۆخە لایان و تا ئێستاش هەر ناخۆشە و لەگەڵی ڕانەهاتووە و بەردەوام دەگری.٨

لە (1) چاوپێکەوتن دا ئاماژە بەوەکرا کە زۆر هەوڵ دەدات ڕابێت و زاڵ بێت بەسەر خۆی و بارودۆخەکەیاندا، بەڵام هەرزوو وەک خۆی لێدێتەوە و زۆر خەفەت دەخوات.

پرسیاری حەوتەم: هەستت چۆنە لە کاتی بیرکردنەوە سەبارەت بە داهاتووی منداڵە نەخۆشەکەت؟

بۆچوون و وەڵامەکانی لێتوێژراوان دابەش دەبێت بۆ چەند لایەنێک:-

زۆرینەی چاوپێکەوتنەکان (10) لێتوێژراو ئاماژەیان بەوەدا کە ترسیان لە داهاتووی منداڵەکەیان هەیە و بەردەوام بیر لە داهاتووی منداڵەکەیان دەکەنەوە زۆر ناخۆشە زۆر دەترسن لە داهاتوویان خەفەتی پێدەخۆن، زۆرجار شەوان بەبەردەوامی بیری لێدەکەنەوە و دەگرین و بەشێکیان دەترسن منداڵەکەیان بمرێت بەهۆی نەخۆشیەکەیەوە، دایکان و باوکان زیاتر پەرۆش بوون بۆ منداڵە کچەکانیان و ئاماژەیان بەوەدەکرد ئەگەر گەورە بێت و هاوسەرگیری بکات دەیهێنن لای خۆیان ئەوندە دڵیان لایانە.

لێتوێژراوێک " لە کاتی بیرکردنەوە لە داهاتووی منداڵەکەم زۆر زۆر دەترسم و خەفەت دەخۆم، دایکەکە زۆر گریا و بەهۆی ئەوەی دوو منداڵی هەبوو هەردوو منداڵەکەی نەخۆشبوون و ئاماژەی بەوەکرد کە زۆرتر ترسی لە داهاتووی کچەکەی هەیە، بەهۆی ئەوەی دەڵێم هەرچۆن بێت کۆڕ باشترە دەتوانێ ژیانی بەڕێبکات، بەڵام کچ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر ڕێگەی پێنادرێت بەتایبەت ئەگەر نەخۆش بێت".٩

لێتوێژراوێک "زۆر بێتاقەت دەبم بە تایبەت کاتێک بیر دەکەمەوە کە باوکی ڕازی نیە لەداهاتوودا چارەسەر ی چاندنی مۆخی ئێسکی بۆ بکرێت و دەڵێت من ناتوانم واز لە پیشەکەم بهێنم بۆ سێ مانگ چونکە بۆ ئەو چارەسەرە نەخۆشەکان دەنێرنە دەرەوەی وڵات و بۆ تورکیا کاتێکی زۆری دەوێت چارەسەرەکە، بەتایبەت دایکەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە منداڵەکەم خۆشی هەست بەوە دەکات و بێتاقەت دەبێت کە باوکی ڕازی نیە بە چارەسەرەکە".١٠

لێتوێژراوێک "زۆر بێتاقەت دەبین لەگەڵ دایکی و بەڵام بیر لەوەش دەکەینەوە دەڵێین لەمە خراپتریش هەیە، چونکە منداڵێکی ترمان هەیە توشی نەخۆشی مێشک بووە و ئەوە زۆرتر ئازارمان دەدات و پێیان وابوو نەخۆشی سالاسیمیا بەبەراورد بە نەخۆشی منداڵەکەی تریان زۆر ئاسانتر و باشترە"١٢.

لە (1) چاوپێکەوتندا ئاماژە بەوەکرا بەهۆی ئەوەی منداڵەکەیان چاندنی مۆخی ئێسکی بۆ دەکرێت ترسەکەمان ڕەویوەتەوە ، ئومێدمان زۆرە بەو چارەسەرە.

لە (1) چاوپێکەوتندا ئاماژە بەوەکرا کە لەسەرەتادا کەمێک ترساوە ، لە ئێستادا هیچ ترسێکی لە داهاتووی منداڵەکەی نیە.

پرسیاری هەشتەم: هەستت چۆنە لە کاتی سەردانیکردنی نەخۆشخانە؟ هیچ کات نا ئومێد بوویت؟ چۆن؟

بۆچوون و وەڵامەکانی لێتوێژراوان دابەش دەبێت بۆ چەند لایەنێک:-

زۆرینەی جاوپێکەوتنەکان (8) لێتوێژراو ئاماژەیان بەوەکرد کە لەکاتی سەردانیکردن و هاتنیان بۆ سەنتەر بێتاقەت دەبن و زۆرجار هیلاک دەبن بەهۆی ئەوەی بەشێکیان لەدەرەوەی شارەوە دێن، هەندێکجار منداڵەکانیشیان بێزار دەبن و بەزۆر دەیان هێنن،

دەترسن، بێزارن ،دڵەڕوکێیان هەیە، یان ناخۆشە کەیەن بۆ سەنتەر بەڵام لەبەرخاتری منداڵەکەیان ناچارن و ڕاهاتوون، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە نائومێد نین لەکاتی سەردانیکردنی سەنتەرەکە و ئومێدیان بە چارەسەرەکە هەیە بەهۆیەوە ترس و دڵەڕاوکێیان لە چارەسەرەکە نیە و متمانەی تەواویان بە چارەسەرەکە هەیە و ئومێدیان بەوەیە کەیەنە سەنتەر خۆێن بۆ منداڵە نەخۆشەکانیان دابینکراوە و ترسیان نیە لە نەبوونی خوێن و چارەسەرەکان، و ئومێد و متمانەیان بە چارەسەرەکە ترس و دڵەڕاوکێکەی کەمکردونەتەوە و باری دەروونیان ئارامە و خەمەکەی کەمکردونەتەوە.

لێتوێژراوێک " زۆر ناخۆشە کە یەین بۆ سەنتەرەکە بەڵام لەبەر خاتری منداڵەکە ناچارین ، ئومێد و متمانەی تەواومان بە چارەسەرەکە هەیە بەڵام ترسم لە چاندنی مۆخی ئێسک هەیە"٨.

لە (3) چاوپێکەوتندا ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە دڵخۆشن لە هاتن بۆ سەنتەرەکە بەهۆی ئەوەی ڕێگاکە بۆ چارەسەری منداڵەکەیان دەبڕن، و دڵخۆشن بە هەبوونی خوێن بۆ نەخۆشەکانیان و نا ئومێد نین و هیچ ترسێکیان لە جارەسەرەکان نیەو متمانەی تەواویان پێیەتی.

لە (1) چاوپێکەوتندا ئاماژە بۆئەوە کرا کە دڵخۆشن لە کاتی هاتن لەبەر ئەوەی ڕێگایەکە بۆ چارەسەر، ئومێد و متمانەیان بە پڕۆسەی چارەسەر هەیە بەڵام هەندێک کات دەترسن و دڵەڕاوکێیان هەیە لەچارەسەرەکان، ترس و دڵەڕاوکێکەیان لە کاریگەری خراپی چارەسەرەکەیە لەسەر تەندروستی منداڵەکەیان.

پرسیاری نۆیەم: هەست دەکەیت نەخۆشی منداڵەکەت بۆتە هۆی ئەوەی ترست لە دووبارە دوگیانی هەبێت؟

بۆچوون و وەڵامەکانی لێتوێژراوان دابەش دەبێت بۆ چەند لایەنێک:-

لە زۆرینەی چاوپێکەوتنەکاندا (9) لێتوێژراو ئاماژە بەوەکرا کە کە نەخۆشی منداڵەکەیان هۆکارێکە بۆ ترسیان لە دووبارە دوگیانبوون بەهۆی ئەوەی دەترسن دووبارە منداڵەکانیان توشبووی سالاسیمیا بن، بەهۆیەوە ڕێگری دەکەن لە دروست بوونی منداڵ و یان بەبەردەوامی لەژێر چاودێری پزیشکدان بۆ ئاگادار بوون لە بارودۆخیان و ئەنجامدانی پشکنین بۆیان و بەشێکیان بەهۆی ئەوە پێش وەختە پشکنینیان بۆ دەکرێت پێیان وایە کەمێک ئەو پشکنینە ترسەکەیانی ڕەواندۆتەوە و دووبارە منداڵیان بووە بەڵام بەردەوام لەژێر چاودێری دکتۆردان و هەرکە هەستێکرا کە منداڵەکە سالاسیمیای هەیە پێش (٤) مانگ لەناودەبرێت.

لێتوێژراوێک " ترسێکی زۆرمان هەیە وسێ جار دووگیانبوون ڕوویداوە و لەبارمبردووە چونکە دەرکەوتووە کە توشبووە بە سالاسیمیا" ٩.

لە (2) چاوپێکەوتندا ئاماژە بەوەکرا کە خۆیان نایانەوێت منداڵیان ببێت و پێش ئەوەی دەرکەوێت منداڵەکەیان توشبووی سالاسیمیایە بڕیاریانداوە نەهێڵن منداڵیان ببێت.

لە (1) چاوپێکەوتندا ئاماژە بەوە کرا کە دکتۆرەکان ڕێگری دەکەن لەوەی منداڵی تریان ببێت بەهۆی ئەوەی ئەگەری توشبوونی منداڵەکەیان بە سالاسیمیا زۆرە.

پرسیاری دەیەم: چۆن پێداویستییە تەندروستییەکانی منداڵەکەت دابین دەکەیت؟ (دەرمان- خوێن)

لە هەموو چاوپێکەوتنەکاندا (12) لێتوێژراو ئاماژە بەوەکرا کە بەشێکی زۆری پێداویستییەکانی منداڵەکەیان لە دەرمان و خوێن و پشکنینەکان لەسەنتەرەوە بۆیان دابین دەکرێت، بەتایبەت خوێن و هیچ کات لەدەرەوە خوێنیان پەیدا نەکردووە بۆ منداڵەکانیان،بەڵام هەندێکجار هەندێک لە پشکنین و دەرمانەکانی وەک فیتامینات و دەرزی گەشە لە دەرەوە پێویستە بیکرن، یان منداڵەکەیان ئەودەرمانەی سەنتەرەکە لەگەڵ جەستەی ناگونجێت و ناچار جۆرێکی تری لەدەرەوە بۆ دەکڕن.

لێتوێژراوێک "بەگشتی لە سەنتەرەکەدا بەشێکی زۆری دەرمان و پشکنین و خوێن دەکرێت و وەردەگیرێت، تەنها هەندێک پشکنین و دەرمان لەدەرەوە خۆمان بە پارە دەیکڕین"٨.

لێتوێژراوێک" بەشێکی زۆری دەرمان و خوێن لە سەنتەر وەردەگرین، بەڵام هەندێک کات پشکنین و چارەسەر هەیە لە دەرەوە دەیکەین وەک ئیکۆی دڵ و ئەشیعە"٢.

پرسیاری یازدەیەم: چۆن هاتوچۆ بە منداڵەکەت دەکەیت لە کاتی پێویست بوونی بە نەخۆشخانە؟

بۆچوون و وەڵامەکانی لێتوێژراوان دابەش دەبێت بۆ چەند لایەنێک:-

زۆرینەی چاوپێکەوتنەکان (7) لێتوێژراو ئاماژەیان بەوە کرد کە ئۆتۆمبێلی خۆیانیان پێیە و بەوە هاتوچۆ دەکەن، هەموویان لەدەرەوەی شارەوە دێن و جەختیان لەوەکردەوە کە تەنها بە ڕێگاکە بێزار دەبین و هیلاک دەبین ئەگەرنا گرفتمان نیە بۆ هێنانی منداڵەکەمان بۆ سەنتەرەکە.

لە (4) چاوپێکەوتندا ئاماژە بەوەکرا کە بەکرێ و بە تەکسی هاتوچۆ دەکەن و کرێیەکی زۆر دەدەن هەندێکجار زۆر دەوەستن و چاوەڕێ دەکەن تا تەکسییان دەست دەکەوێت یان تا سەنتەرەکە دەڕۆن و هەندێکجار خوێن نیە و دەبێت کاتێکی تر بێنەوە ئەمانە زۆر بێزاریان دەکات و پارەیەکی زۆریش دەدەن.

لە (1) چاوپێکەوتندا ئاماژە بەوە کرا کە هەندێکجار بە ئۆتۆمبێلی خۆیان و هەندێکجاری تر بە تەکسی هاتوچۆ دەکەن.

پرسیار دوازدەیەم: لە کاتی مانەوە لە نەخۆشخانە جگە لە خەرجی نەخۆشخانەی منداڵەکەت چ جۆرە خەرجییەکی ترتان هەیە؟

لە هەموو چاوپێکەوتنەکاندا (12) لێتوێژراو ئاماژەیان بەوە کرد ئەو خەرجیانەی کە لەکاتی سەردانیکردنەکەدا هەیانە بەزۆری پارەی بەنزینە ئەوانەی کە بەئۆتۆمبێلی خۆیان هاتوچۆ دەکەن و پارەی تەکسی ئەوانەی کە بە تەکسی هاتوچۆ دەکەن، و ئەو پێداویستیانەن کە منداڵەکەیان دەیەوێت و داوای دەکات وەک خواردن و خواردنەوە یان داوای بازاڕیکردن و جل و بەرگ کڕین دەکەن، هەندێک پێداویستی منداڵەکەیەیان کە داوای دەکەن.

لێتوێژراوێک "بەڵێ خەرجیمان زۆرە و هەتا تەواو دەبین بەردەوام پارە خەرج دەکەین و شتی بۆ دەکڕین، تەنانەت هەموو سەردانیکردنێک داوای جلی تازە دەکات بۆی بکڕین"٤.

پرسیاری سیازدەیەم:خەرجی پێداویستییەکانی نەخۆشی منداڵەکەتان چۆن کاریگەری کردۆتە سەر باری ئابووری خێزانەکەتان؟

بۆچوون و وەڵامەکانی لێتوێژراوان دابەش دەبێت بۆ چەند لایەنێک:-

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12325]
- **Submission Date:** [16/2/2026], **Revised Date:** [19/2/2026], **Accepted Date:** [5/11/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

لە زۆرینەی چاوپێکەوتنەکاندا (8) لێتوێژراو ئاماژەیان بەوە کرد کە خەرجی و پێداویستییەکانی نەخۆشی منداڵەکەیان کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر لایەنی ئابوورییان و زۆر جار ناچارن باوکان پەنا بۆ کارێکی تر ببەن و کارێکی تر بکەن یان بەناچاری کاتێکی زۆر لە ئیش دەمێننەوە و هەندێکیان لەگەڵ ئەوەی فەرمانبەرن کرێکاریش دەکەن یان ڕۆژانی هەینیش کاردەکەن بۆ ئەوەی بتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن ، چونکە بەشێکی دەرمانەکان خۆیان دەیکڕن، یان بەوە بێتاقەت دەبن کە منداڵەکانیان داوای شتێک دەکەن و ناتوانن بۆی بکڕن، و هەندێکیان قەرزارن یان قەرز دەکەن بۆ سەردانیکردنی سەنتەرەکە.

لێتوێژراوێک " کاریگەری هەیە و هەندێکجار منداڵەکەمان داوای شتێک دەکات نیە بۆی بکەم زۆر لە دڵم گرانە و خەفەتی پێدەخۆم، هاوسەرەکەم فەرمانبەری حکومییە و کرێکاریش دەکات"١٠.

لێتوێژراوێک " کاریگەری زۆری هەیە بەتایبەت کڕینی دەرمانی ڤیتامینەکان، و هاوسەرەکەم ناچارە کارێکی تر بکات سەرەڕای ئەوەی فەرمانبەرە لە حکومەت لە کاتی پشووەکانی کاری تر دەکات بە ناچاری بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانمان"٢.

لە (4) چاوپێکەوتندا ئاماژەبەوەکراوە کە کاریگەرییەکی وای نەبووە لەسەر لایەنی ئابوورییان و چونکە هەموو چارەسەرەکان لە سەنتەرەکە وەردەگرن یان خۆیان خێزانەکان بارودۆخی ئابوریان باشە، یان هەریەکە لە ژن و مێردەکە هەردووکیان کاردەکەن، و بەشێکیان ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کە نەخۆشییەکە ناچاری نەکردوون پەنا ببەنە بەر کاری تر.

لێتوێژراوێک "بە هیچ شێوەیەک کاریگەری نەبووە لەسەر لایەنی ئابوریمان و وای نەکردووە پەنا ببەمە بەر کارێکی تر"١٢.

دووەم:- وەڵامدانەوەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە: لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە و زانین و خستنەڕووی کێشەکانی خێزانی خاوەن منداڵی توشبووی سالاسیمیا توێژەر کێشەکانی دابەشکردووە بۆ (کێشە کۆمەڵایەتی ، کێشەی دەروونی، کێشەی ئابوری) بیەکان کە لێرەدا بەپێی ئامانجەکان باسیان لێوە دەکەین.

6.2.2-خستنەڕووی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی خاوەن منداڵی توشبووی سالاسیمیا: کێشەی کۆمەڵایەتی لای ولیم بیفریج دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نالەبارە و ژیانی زۆرێک لە خەڵکی هەراسان دەکەن و دەرئەنجامی نەخوازراویان دەبێت لەسەر پەیوەندی و کارلێکردنیان، پێویستیان بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو هەیە بە ئامانجی زاڵبوون بەسەریاندا و لابردنی کاریگەرییە خراپەکانی.(خدر،٢٠٢٢،١٠٤) ، لێرەدا مەبەست لە کێشەی کۆمەڵایەتی خراپی پەیوەندییە خێزانییەکانە جا لە نێوان دایک و باوکدا بێت، یان پەیوەندی نێوان ئەوان و منداڵەکان، یان پەیوەندی نێوان منداڵەکان پێکەوە، کە هەموو ئەمانە پێکەوە بەدوای خۆیدا کێشەی تر دەهێنێت وەک فەرامۆشکاری و جیاکاری و ڕەفتاری شەڕانگێزی، پەیوەندی هاوسەنگ لە نێوان ئەندامانی خێزاندا دوور لە جیاوازی و ڕکابەری لە نێوان منداڵەکاندا، هاوکارە لە گەشەکردنی منداڵ بەشێوەیەکی تەندروست و دوور لە کین و دژایەتی، گرنگە هەموو ئەندامانی خێزان ڕەچاوی بەرپرسیارێتی و ڕۆڵی خێزانییان بکەن بەوجۆرەی بۆیان دیاریکراوە ئەوە یارمەتیدەر دەبێت لە بونیاتنانی خێزانێکی یەکگرتوودا.(حمەلاو،٢٠٢٣،٣٩)

زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەوەکرد پەیوەندییان لەگەڵ منداڵە نەخۆشەکەیان، پەیوەندییەکی باش و بێ کێشەیە و پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی خێزانەکە و منداڵەکان پێکەوە بە هەمان شێوە پەیوەندییەکی دروست و گونجاوە، و ڕەچاوی بارودۆخی منداڵە نەخۆشەکە دەکرێت لەلایەن هەریەکە لە دایک و باوک و خوشک و براکانی و زۆر دڵی ڕادەگرن و خۆشەویستیان بۆی هەیە، هەروەها پەیوەندییەکانیان بە گشتی باشە لەگەڵ خزمەکانیان و سەردان هاتوچۆ هەیە لە نێوانیاندا و بەشداری بۆنەکۆمەڵایەتییەکان دەکەن وەک جەژن و ئاهەنگ و میوانییەکان، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەزۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە ڕووبەڕووی هیچ جۆرە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و تێکچونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نەبونەتەوە.

لێرەدا دەتوانین بڵێین کە بوونی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز لە نێوان ئەندامانی خێزاندا بەگشتی گرنگە و بەتایبەتر بۆ ئەو خێزانانەی کە منداڵێکی نەخۆشییان هەیە چونکە بوونی پەیوەندی خراپ و ئاژاوە و شەڕ لەنێوان خێزانەکاندا کاریگەری زۆردەکاتە سەر تەواوی ئەندامانی خێزان و بەتایبەتتر منداڵە نەخۆشەکەیان، هەروەها بوونی پەیوەندی و سەردانیکردنی خزمان و کەس و کار بۆ خێزانێکی خاوەن منداڵی نەخۆش یارمەتیدەری خێزانەکە دەبێت بۆ لەبیرکردنی بێتاقەتی و گرفتێک کەبەهۆی نەخۆشییەکەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە، لەلای زۆرێک لە دایکان و باوکان پەیوەندییەکان باشن و سەردانیکردن و بەشداری لە بۆنەکان بە گرنگ دەزانن و کەمینەشیان پەیوەندیەکانیان سنوردارە و زۆر تێکەڵی خزم و کەسەکانیان نابن، ئەکرێت بڵێن لە ئێستادا زۆرێک لە خێزانەکەن ئارەزووی ئەو جۆرە ژیانە دەکەن و حەز لە سەردان و هاتوچۆکردنی یەکتر ناکەن.

6.2.3- خستنەڕووی کێشە دەروونییەکانی خێزانی خاوەن منداڵی توشبووی سالاسیمیا: کێشە دەروونییەکان بریتیین لە تێکچوونی باری دەروونی ئەندامەکانی خێزان و پەراوێزخستنی لایەک بۆ لایەکی تر، لەدەستدانی بیر و هۆش و ژیری، ئەمە سەرەڕای نەخۆشییە دەروونیەکانی وەک شیزۆفرینیا و خەمۆکی و ڕاڕایی و تێکچوونی میزاج و لەدەستدانی حەزی خواردن، هەریەک لەم حاڵەتانە مەترسی دروست دەکەن لەسەر خێزان و مانەوەی بەیەکگرتووی. (خدر،٢٠٢٢،١٠٨)

بەتایبەت ئەو خێزانانەی منداڵی توشبوویان هەیە بە سالاسیمیا ڕەنگە ڕووبەڕووی هەندێک بارودۆخی دەروونی ببنەوە بەهۆی ئەوەی بەردەوام لە ترس و دڵەڕاوکێدان بۆ سەلامەتی تەندروستی منداڵەکەیان و گومانی تێدا نیە خراپی باری دەروونی کاریگەری دەبێت لەسەر یەکگرتوویی خێزانەکە، چونکە ئەگەر دایک یان باوک باری دەروونییان ئاسایی نەبێت ژینگە و شیرازەی خێزانەکە تێک دەچێت.

لە کاتێکدا ڕوونە ئەندامانی خێزان پێویستیان بە سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی و ڕێزە بۆ یەکتر، بە جۆرێک هەریەکەیان پێویستیان بە تێرکردنی پێداویستییە دەروونی و سۆزدارییەکانیانە بۆ سەقامگیری خێزان و جێگیرکردنی خۆشبەختی تیایدا. (خدر،٢٠٢٢،١٠٨)

زۆرێک لە خێزانەکان ئاماژەیان بەوەکرد بەهۆی نەخۆشی منداڵەکەیانەوە هەستێکی زۆر ناخۆشیان هەیە و زۆر بێتاقەتن، سەرەتا شۆک بوون و لە ئێستاشدا بەردەوام لەترس و دڵەڕاوکێدان و بیر لەداهاتووی منداڵەکەیان دەکەنەوە و دەترسن شتێکی خراپ

ڕووبدات ، هەندێکیان بەردەوام دەگرین و توشی لەدەستدانی حەزی خواردن بوون، بێتاقەت و بێزارن لە سەردانیکردنی سەنتەر بۆ چارەسەر و بەشێکی زۆریان ترسیان لە دووبارە دووگیانی و منداڵبوونیش هەیە، بەمەش ڕووبەڕووی کێشەی دەروونی بونەتەوە وکاریگەری هەبووە لەسەر ژیانکردنیان.

6.2.4- خستنەڕووی کێشە ئابورییەکانی خێزانی خاوەن منداڵی توشبووی سالاسیمیا: لایەنی ئابوری هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دروستبوون و زیادبوونی کێشە لە خێزاندا بەگشتی و بەتایبەت ئەگەر خێزانەکە خاوەنی منداڵی نەخۆش بن، نەبوونی و قەرزاری و نەبوونی شوێنێکی نیشتەجێ بوون کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەندامانی خێزان پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر بەشێوازی خراپ.(أحمد،٢٠٢٢،٣٣)

هەروەها لەکاتێکدا خێزان توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی منداڵەکانی نەبێت بەتایبەت منداڵە نەخۆشەکەی وەک پێداویستی دەرمان و پشکنینەکان و خوێن بۆ چارەسەری کاریگەری دەبێت لەسەر دایک و باوک و تەواوی ئەندامانی تری خێزان و کاردەکاتە سەر لایەنی دەروونیان و زۆرجار توشی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ دەبن.

پەیوەندی ئابوری هۆکاری بنچینەیی یە لە بەیەکەوە بەستنی خێزان و بەدەستهێنانی پێویستییە جیاوازەکان و دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی سەقامگیری ماددی لە خێزاندا و دەتوانن ئامانجەکانیان بەدیبهێنن. (أحمد،٢٠٢٢،٣٣)

بەوهۆیەوە ئەو خێزانانەی کە لەڕووی ئابووریەوە گرفتێکی ئەوتۆیان نیە و دەتوانن داخوازی و پێداویستیی منداڵەکەیان جێ بەجێ بکەن و هەر پێداویستییەکی هەبێت لە دەرمان و پشکنین بۆی دەکەن، بەمەش لەڕووی دەروونیەوە ئەو دایک و باوکانە ئارامن و ترس و دڵەڕاوکێیان کەمترە بەبەراورد بەو خێزانانەی کە توانای ئابوریان باش نیە.

نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەوەکرد کە نەخۆشی منداڵەکەیان کاریگەری هەبووە لەسەر باری ئابووریان و بەناچاری سەرەڕای ئەو کارەی هەیانە پەنا دەبەنەبەر کردنی کارێکی تر سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی خەرجییە تەندروستییەکانی منداڵەکەیان لە سەنتەری وەردەگرن، بەڵام هەندێک لە پشکنینەکان و دەرمانەکان وەک ڤیتامینەکان خۆیان لەدەرەوەی سەنتەر دەیکڕن و ئەمەش بارگرانییان بۆ دروست دەکات بەتایبەت لە ئێستادا کە بەشێوەیەکی گشتی خێزانەکان ئاستی ئابوریان خراپە و بەتایبەت ئەو خێزانانەی کە منداڵی نەخۆشیان هەیە، کاریگەری دەبێت لەسەر دابینکردنی بژێوی خێزانەکە و منداڵەکانی تریان.

7 باسی سێیەم:دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

7.1 یەکەم:دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لە کۆتای ئەم توێژینەوەیەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە خێزانەکان بە گشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان باشە و نەخۆشی منداڵەکەیان کاریگەری نەبووە لەسەر هیچ کام لە پەیوەندییەکانیان لە ناو خێزان و لەدەرەوەی خێزانەکانیان و هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ دروست نەکردوون،بەڵام لەڕووی دەروونیەوە بەگشتی ڕووبەڕووی ترس، شۆکبوون، دوودڵی،دڵەڕاوکێی مردن،خەم خواردن، گریانی بەردەوام ، ترس لە دووگیانی،ترسی لەدەستدان و خەمۆکی و نەمانی ئارەزووی خواردن بونەتەوە، لێرەوە بۆمان ڕوونبۆتەوە کە خێزانەکان دووچاری کێشەی دەروونی دەبنەوە، هەروەها خێزانەکان نەخۆشی منداڵەکەیان کاریگەری هەبووە لەسەر لایەنی ئابورییان و زۆرینەیان ڕووبەڕووی کێشە وقەیرانی ئابوری بونەتەوە، لایەنی ئابورییان بەرەو لاوازی ڕۆشتووە بەناچاری پەنا دەبەنە بەر کردنی کارێکی تر بۆ ئەوەی بتوانن پێداویستییەکانیان دابین بکەن.

7.2 دووەم:ڕاسپاردەکان

1-وەزارەتی تەندروستی لەڕێگەی دابینکردنی دەرمانی کوالیتی بەرز و ئەنجامدانی سەرجەم پشکنینەکان بێ بەرامبەر بۆ نەخۆشەکان.

2-وەزارەتی تەندروستی لەڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە شێوازەکانی خۆپاراستن لە نەخۆشی سالاسیمیا بۆ تاک و خێزان ڕونبکاتەوە.

3-کردنەوەی سەنتەری هاوشێوەی سەنتەری سالاسیمیا و نەخۆشیە بۆماوەیی یەکانی خوێن لە قەزا و ناحیەکاندا بۆ خزمەتکردن بەم خێزانانە و لە پێناو سەلامەتی خێزانەکان و کەمکردنەوەی تێچووە ئابورییەکانیان.

7.3 سێیەم:پێشنیارەکان

1-شێوازی ژیانی منداڵانی توشبوو بە نەخۆشی سالاسیمیا.

2-کێشەکانی هاوسەرگیری لای گەنجانی توشبوو بە نەخۆشی سالاسیمیا.

3-کێشەکانی منداڵانی توشبوو بە نەخۆشی سالاسیمیا

8 سەرچاوەکان

8.1 یەکەم:سەرچاوە کوردییەکان

1-أحمد،بەسۆز عبدالرحیم(٢٠٢٢)، ڕۆڵی لیژنەی ئاشتەوایی لە ئاراستەکردن و گونجاندنەوەی خێزاندا / تۆێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری سلێمانی، نامەی ماستەری بلاونەکراوە،زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان،بەشی کۆمەڵناسی،سلێمانی.

2-ئەبراش،ئیبراهیم(٢٠١٣)، میتودەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، و:ئەبوزێد، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات،چاپی یەکەم.

3-بۆکانی،سابیر(٢٠٢٠)،میتۆدی توێژینەوەی زانستی،سلێمانی،خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا،چاپی دووەم.

4-جافر،مروان مظهر،ناکۆکی نێوان هاوسەران و لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی،گۆڤاری زانکۆی سلێمانیB، ژمارە(٧٦) ی بەرگی (١) ی (١٥ی ئازاری ٢٠٢٤)،لا١٤٣).

5-حەمەلاو، سنور کامل(٢٠٢٣)،جۆرەکانی گونجاوی خێزانی منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشی شەکرە، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە،زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان،بەشی کاری کۆمەڵایەتی،سلێمانی.

6-خدر،نوزاد علی(٢٠٢٢)، قەیرانی ئابوری و ڕەنگدانەوەی لەسەر خێزان / تۆێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری سلێمانی لە بواری کۆمەڵناسی ئابوری، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە،زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان،بەشی کۆمەڵناسی،سلێمانی.

7-ڕۆوف،دیدار کمال(٢٠٢٣)، بەهای خۆشەویستی و ڕەنگدانەوەی لە پەیوەندی هاوسەراندا / تۆێژینەوەیەکی مەیدانیە لە

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12325]
- **Submission Date:** [16/2/2026], **Revised Date:** [19/2/2026], **Accepted Date:** [5/11/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

شاری سلێمانی، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە،زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان،بەشی کۆمەڵناسی،سلێمانی.
8-قادر، ژینە عزیز(٢٠١٣)،کێشەکانی خێزانی خاوەن منداڵی ئۆتیزم، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە،زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان،بەشی کۆمەڵناسی،سلێمانی.
9-قەرەچەتانی،کریم شەریف(٢٠٢٣)،ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی،سلێمانی،چاپخانەی زبان صلح،بەبێ نۆبەتی چاپ.
10-کەرار،خەدیجە(٢٠٢٤)، خێزان لە ڕۆژئاوادا هۆکاری گۆڕانکاری لە مانا و ئەرکەکانیدا،و:ئەبوبەکر،پەروین و ئەوانی تر،سلێمانی،ناوەندی ڕێنوێن،چاپی یەکەم.
11-کەریم،لوقمان صالح و ئەوانی تر(٢٠٢٣)،ڕێبەری ڕاوێژی پێش هاوسەرگیری،سلێمانی.

8.2دووەم:سەرچاوە عەرەبییەکان

12-أبوأسعد،أحمد عبداللطيف،سامي محسن الختاتنة(٢٠١٤)،سيكولوجية المشكلات الاسرية،الاردن،دار المسيرة.
13-البرقعاوي،نورس علوان حسين (٢٠١٠)،دراسة لبعضالتقنيات المستخدمة في تشخيص و علاج الثالاسيميا و للعوامل المؤثرة في مرضى الثالاسيميا/بيتا في النجف الاشرف،الدبلوم العالي،جامعة كربلاء،كلية العلوم،قسم علوم الحيات، النجف.
14-رشوان، حسين عبدالحميد أحمد (٢٠١٢)،الاسرة والمجتمع(دراسة في علم الاجتماع الاسرة)،اسكندرية،مؤسسة شباب الجامعة.
15 -زاهية،خلافي(٢٠١٩)،الطفولة في المجتمع الاندلسي ما بين القرنين الرابع و السادس الهجرين(ق١٠- ١٢م)، أطروحة الدكتورة غير المنشورة)،جامعة مصطفى اسطمبولي معسكر،كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، قسم التاريخ،الجزائر.
16-سعفان،اية أحمد طه و أخرون(٢٠٢٢)،العوامل المؤثرة على بعض مشكلات أسر ذوي الاحتياجات الخاصة بريف مركز طنطا بمحافظة العربية،جامعة الازهر،كلية الاقتصاد المنزلي بطنطا،قسم تنمية الاسرة الريفية، مصر.
17 -السيد،ابراهيم جابر(٢٠١٣)،التفكك الاسرى (الاسباب والمشكلات و طرق علاجها)،ليبيا،دار التعليم الجامعي.
18 -عربيات،أحمد عبدالحليم(٢٠١١)،إرشاد ذوي الحاجات الخاصة وأسرهم،عمان/الاردن،دار الشروق للنشر والتوزيع،الطبعة الاولى.
19-العزبي،زينب إبراهيم(بدون سنة)، علم الاجتماع العائلي،مصر.
20 -غول،لخضر(٢٠٢١)،المشكلات الاجتماعية،جامعة٨ ماي ١٩٤٥ -قالمة-، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية،قسم علم الاجتماع.
21.-محمد،رافت عبدالرحمن محمد(٢٠١٣)،الخدمة الاجتماعية ورعاية الاسرة والطفولة،بدون مكان، المكتب الجامعى الحديث.
22-محمد،محمد عبدالفتاح(٢٠٠٩)،ظواهر و مشكلات الاسرة و الطفولة المعاصرة من منظور الخدمة الاجتماعية،الاسكندرية.

سێیەم:سەرچاوە ئینگلیزیەکان

1-Minstry of Health(without the year),Thalassemia,Saudi,(www.moh.gov.sa),(9:54) pm
2-Taher and the other(2017),GUIDELINES FOR THE MANAGEMENT OF NON TRANSFUSION DEPENDENT THALASSAEMIA(NTDT), THALASSAEMIA INTERNATIONAL FEDERATION,TIF PUBLICATION NO 22,(www.thalassaemia.org.cy) (10:32)pm
3--Van Do and H Tran (2014),The Thalassemias,Omaha,NE,USA.
4-Patel,Janki,"Lived Experience of Children with Thalassemia/ A Qualitative research approach, International Journal of Early Childhood Special Education,Vol 14,Issue 07 2022.
5-Karakul,Atiye and other "The Experiences of Parents of Children with Thalassemia Major in Turkey / A Qualitative Study, International Journal of Caring and Sciences,Vol 15/Issue 1 /January-April 2022
6-Kenny,Tim(2015),Thalassaemia,article,London (www.patient.co.uk)(9:39)pm
7-Clinical Health Education Department, www.moh.gov.sa.

پاشکۆی (1)
شێوەی کۆتای فۆرمی جاوپێکەوتنەکە

یەکەم:- زانیاریيە گشتییەکان
1-ڕۆڵی کۆمەڵایەتی: باوک ( ) ، دایک ( )
2-تەمەن: ( ) ساڵ
3-باری ئابووری: باش ( ) ، ناوەند ( ) ، خراپ ( )
4-ڕەگەزی منداڵ: نێر ( ) ، مێ ( )
5-تەمەنی منداڵ: ( )ساڵ
6-شوێنی نیشتەجێ بوون: ناوشار( ) ، دەرەوەی شار ( )
7- ژمارەی منداڵ: کچ ( ) ، کوڕ ( )
8-ژمارەی منداڵی توشبوو: ( )
9- ڕیزبەندی منداڵی توشبوو: ( )
دووەم:-زانیاریيە تایبەتییەکان
10- پەیوەندیت لەگەڵ منداڵە نەخۆشەکەت چۆنە؟
11- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەندامانی خێزانەکەتان چۆنە؟ (دایک و باوک، دایک و باوک و منداڵەکانی تر، منداڵەکان پێکەوە)
12-پەیوەندییەکانتان لەگەڵ خزمانتان چۆنە لەڕووی هاتوچۆکردن و سەردانیکردنەوە؟
13-بەشداری لەبۆنەکۆمەڵایەتییەکاندا دەکەن؟
14-هەستت چۆن بوو سەرەتا کە زانیت منداڵەکەت نەخۆشی سالاسیمیای هەیە؟
15-چۆن ڕووبەڕووی بێئومێدی و دڵەڕاوکێ بویتەوە بەهۆی نەخۆشکەوتنی منداڵەکەتەوە؟
16-هەستت چۆنە لەکاتی بیرکردنەوە سەبارەت بە داهاتووی منداڵە نەخۆشەکەت؟

17-هەستت چۆنە لەکاتی سەردانیکردنی نەخۆشخانە؟ هیچ کات نائومێد بوویت؟ چۆن؟
18-هەست دەکەیت نەخۆشی منداڵەکەت بۆتە هۆی ئەوەی ترست لە دووبارە دووگیانبوون هەبێت؟
19-چۆن پێداویستییە تەندروستییەکانی منداڵەکەت دابین دەکەیت؟ (دەرمان – خوێن)
20-چۆن هاتوچۆ بە منداڵەکەت دەکەیت لەکاتی پێویست بوونی بە نەخۆشخانە؟
21-لەکاتی مانەوە لە نەخۆشخانە جگە لەخەرجی نەخۆشخانەی منداڵەکەت چ جۆرە خەرجییەکی ترتان هەیە؟
22-خەرجی پێداویستییەکانی نەخۆشی منداڵەکەتان چۆن کاریگەری کردۆتە سەر باری ئابووری خێزانەکەتان؟

پاشکۆی ژمارە (٢)
زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە

ژ	ڕۆڵی کۆمەڵایەتی	تەمەن	باری ئابووری	شوێنی نیشتەجێبوون	ژ. منداڵ	ژ. منداڵی توشبوو
١	دایک	٤٧	مامناوەند	دەرەوەی شار	٤	١
٢	دایک	٤٠	مامناوەند	ناوشار	٢	١
٣	باوک	٤٥	مامناوەند	دەرەوەی شار	٤	١
٤	دایک	٢٩	باش	دەرەوەی شار	٢	١
٥	دایک	٣٣	مامناوەند	ناوشار	٢	١
٦	باوک	٤٩	باش	دەرەوەی شار	٣	١
٧	باوک	٢٨	باش	دەرەوەی شار	٣	١
٨	دایک	٤٠	مامناوەند	دەرەوەی شار	٦	١
٩	دایک	٣٢	مامناوەند	دەرەوەی شار	٢	٢
١٠	دایک	٣٦	باش	دەرەوەی شار	٣	١
١١	دایک	٣٢	مامناوەند	دەرەوەی شار	٣	١
١٢	باوک	٤٢	باش	دەرەوەی شار	٤	١

Abstract Abstract

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12325]
- **Submission Date:** [16/2/2026], **Revised Date:** [19/2/2026], **Accepted Date:** [5/11/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

The researcher came to the following conclusions:
1. Families have good relationships with their sick child and parent-child relationships. They also had good relationships with relatives and visits between them. Parents with limited contact with relatives indicated that it was not related to their child's illness, meaning they had no social problems.
2. Families generally faced fear, shock, anxiety, death anxiety, grief, constant crying, fear of pregnancy, and fear of losing their child, which led to feelings of depression.
3. Families' child's illness has affected their economic situation some of them are facing economic problems their economy is weakening.

The family as the first social environment is the primary goal of providing an appropriate environment for individuals and but when there is an incompatibility or abnormal situation in the family, it affects all members family, especially the parents, because of the change in the family environment, when the family has a child with thalassemia his task will be more difficult and he may face some problems and incompatibilities. Therefore, the aim of this study is to present the problems (social, psychological, economic) of families with children with thalassemia.
The study is a qualitative study; the researcher used the item analysis method the study population includes parents of children with Thalassemia aged (5-13)years. they are receiving treatment at the Center for Thalassemia and Inherited Blood Diseases in Sulaimani the research sample is purposive the sample size of the study is 12 parents of children with Thalassemia recruited from the Center for Thalassemia and Hereditary Blood Diseases the researcher used interviews for the purpose of data collection.